# زمانی پەروەردەیی

**م.ی ئاگرین شەوکەت هادی[1]، پ.ی.د ئازاد ئەحمەد محمود[2]، پ.ی.د نەریمان عەبدوللا کەریم[3].**

[1+2+3] بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[1]بەشی کارگێری یاسا، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2]بەشی کارگێڕی کار، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

زمانی پەروەردەیی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە کارەکانی زماناس پرۆفیسۆر بێرنارد سپۆلسکی دەستیپێکرد، بێرنارد سپۆلسکی لە کۆنفرانسێکدا لە ساڵی (1972) پێشنیازی ناونیشانی "زمانی پەروەردەیی" کرد. لە ساڵی (1978) دا سیمپۆزمێکی لەسەر ئەو بابەتە ڕێکخستووە، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە زمانی پەروەردەیی هاوشان لەگەڵ زمانەوانی کارەکی لە گەشەکردنی بەردەوامدا بووە. زمانی پەروەردەیی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی کارەکی، سپۆلسکی زمانی پەروەردەیی وەک بوارێکی لاوەکی زمانەوانی داناوە، هەرچەندە هەندێك زماناس، ئەم بوارە بە لقێکی سەربەخۆی زمانەوانی دادەنێت.

زمانی پەروەردەیی هەڵسەنگاندن بۆ توانای پەیوەندیکردنی منداڵ دەکات، شیکاری ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بۆ لێهاتوویی پەیوەندیکردن لەخۆدەگرێت، وە تەواوی ئەو چالاکییانە لەخۆدەگرێت، کە لەلایەن سیستەمێکی پەروەردەییەوە دادەنرێت.

زمانی پەروەردەیی سەلماندوویەتی، کە توێژەرانی زمان پێویستیان بە بوارێکی وەهایە، بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەو پرسانەی سەر بەم بوارە بکەن.

فراوانترین بواری زمان ئەو بوارەیە کە زمان پەیوەندی بە کۆنتێکستەکانی دەرەوەی خۆیەوە هەیە. بەم مانایە زمان کاریگەری لەسەر هەندێك بوار هەیە. یەکێك لە گرنگترین بوارەکان بواری پەروەردەیە. زمانی پەروەردەیی وەک پردێک لە نێوان جیهانی زمان و سیستەمی پەروەردەدا، هەوڵدەدات چالاکی پەروەردەیی بەپێی بابەتی زمان ڕێکبخات. توێژینەوەکانی زمانی پەروەردەیی جەخت لەسەر ڕۆڵی زمان لە فێربوون و فێرکردندا دەکەنەوە. ئەم لقەی زانست وێڕای جەختکردنەوە لەسەر تێکەڵکردنی زمانەوانی و پەروەردە، سوود لە ڕێباز و تیۆرەکانی زمانەوانی وەردەگرێت، پرس و کێشە پراکتیکییەکانی سیستەمی پەروەردەی فەرمی لە بواری و فێربوون و فێرکردنی زمان لەبەرچاو دەگرێت.

وشەی سەرەکی: زمانی پەروەردە، زمانی پەروەردە و بەجیهانبوون، زمانی پەروەردە و پەروەردە و فێرکردن، زمانی پەروەردە و مامۆستا.

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە (سەرەتایەك بۆ زمانی پەروەردەیی) یە. تێدا باسی زمانی پەروەردەیی دەکرێت.

### ڕێبازی توێژینەوە:

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی وەسفییە، باسی تێڕوانینەکانی بێرنارد سپۆلسکی دەربارەی زمانی پەروەردەیی دەکات.

مجلة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
أُستلم البحث في 15 سبتمبر 2022؛ قُبل في 26 اكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 25 أغسطس 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف : agreen.hadi@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 ئ ئاگرین ، ئازاد، نەریمان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## گرنگی توێژینەوەکە:

زمانی پەروەردەیی لێکۆڵینەوە لە زمان لە بواری فێربوون و فێرکردندا دەکات، بە شێوەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەروەردە و فێرکردن سوود لە چەندین بواری جۆراوجۆر وەردەگرێت. بۆ نموونە (کێشەکانی وەرگرتنی زمان و فێربوونی زمانی دووەم، دانانی پرۆگرامی خوێندن و سیاسەتی زمان و سیستەمی پەروەردەیی، شیکردنەوەی گوتار، کاریگەریی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەسەر فێربوون و فێرکردندا. توێژەران مەبەستیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە فێربوون و فێرکردن سوود لە زمانی پەروەردەیی ببینرێت، جگە لەمەش پێویستە مامۆستایانیش زانیارییان لەسەر ئەم بابەتە هەبێت، تاوەکو لە بوارە فێربوون و فێرکردندا سودی لێ ببینن.

## کێشەی توێژینەوەکە:

ئەو کێشانەی لە هەرێمی کوردستاندا رووبەرووی پەروەردە و فێرکردن دەبێتەوە، بۆ چارەسەرکردنیان سوود لە زانستی زمانی پەروەردەیی وەرنەگیراوە، هەروەها نەبۆتە بابەتێك لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا بخوێنرێت، بەتایبەتی بەشەکانی زمانی کوردی، لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، تاوەکو شارەزاییان لەم بوارەدا هەبێت، ئەم کۆلێژانە مامۆستا بۆ قوتابخانە بنەرەتییەکان ئامادەدەکەن، ئەم بوارە بە بابەتێکی سەرەکی پەروەردە دادەنرێت، بۆ نموونە دەبێت لە کاتی دانانی پرۆگرامی خوێندن لەسەر بنەما و بوارەکانی زانستی زمانی پەروەردەیی پرۆگرامەکە دابنرێت، مامۆستایان شارەزاییان لە رێگەکانی گەیاندنی بابەتە زانستیەکە هەبێت، وە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە وەکو: جیاوازی شێوازی ئاخاوتنی منداڵ لە ماڵەوە و قوتابخانەدا، بێسەرووبەرییەکانی ئاخاوتن، فێرکردنی زمانی دووەم و کاریگەری زمانی دووەم لەسەر زمانی دایك، شیکردنەوە و تێگەیشتن و نووسین، شیکردنەوەی گوتاری مامۆستا، شیکردنەوەی گوتاری پرۆگرامی خوێندن ، هەروەها پەیرەوکردنی سیاسەتێکی زمانی بۆ پاراستن و گەشەکردنی زمانی دایك ، ئەو بابەتانەی باسمان کرد وەك کێشەیەك لە ناوەندەکانی خوێندندا دەبینرێت.

## 1-1: چەمکی زمانی پەروەردەیی

زمانی پەروەردەیی لێکۆڵینەوە لە زمانەوانی و دیسپلینە پەیوەندیدارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئاوێتە دەکات، بەو جۆرەی لە هەموو شتێك بکۆڵینەوە، بۆ مەودای بەرینی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە زمان و پەروەردەوە هەیە.

زمانی پەروەردەیی زانستێکی تازەیە. لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بۆ سەرەتای دەیەی (1970) دا لە کارەکانی زماناناس (بێرنارد سپۆلسکی) موە دەستپێدەکات. زمانی پەروەردەیی پەیوەندی بە هەردوو لایەنی زمان و پەروەردەوە هەیە، وە بەیەکەوە بەستراوەتەوە.

زاراوەی زمانی پەروەردەیی بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1972) بەکارهاتووە، زمانی پەروەردەیی بە شێوەیەکی بەربڵاو و بە خێرایی لە دەق و ژێدەرەکاندا ناسێنرا. دواتر سپۆلسکی لێکۆڵینەوەی لەسەر ناساندنی زانستەکە لە ساڵی (1978) پێشکەشکردووە، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، سپۆلسکی وتارێکی لەسەر زمانەوانی بە شێوەیەکی سەرەکی زمانی پەروەردەیی بڵاوکردووەتەوە دەڵێت: فێرکردن و فێربوونی زمان و پەروەردە دەبێت لە بوارێکدا جێگیر بکرێت کە ناوی لێنا (زمانی پەروەردەیی).
(Spolsky, 2008, 4)

ساڵی (1972) دوو پرۆگرامی دکتۆرا لە زمانی پەروەردەیی وردە وردە لە زانکۆکانی ئەمەریکا دەستپێیکرد، یەکێکیان لە زانکۆی نیو مەکسیك بوو، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەنتەری خوێندنی ناڤاجۆ هەبوو، لەلایەن ( Spolsky) بەڕێوەدەبرا، و ئەوی دیکەیان لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی زمانی پەروەردەیی لە زانکۆی پێنسیلڤانیا لە ژێر چاودێری هایمس و لەلایەن وۆڵفسۆنەوە بەڕێوەدەبرا.

لە کۆتاییەکانی نەوەدەکاندا پەیمانگای مۆنترۆ بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی ناوی بەشی خوێندنی زمانی گۆڕی بۆ سەنتەری دەرچووانی زمان و زمانی پەروەردەیی. لە ساڵی (2000) زانکۆی ستانفۆرد بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی پەروەردەیی لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتی پەروەردەیی پێشکەشکرد. زمانی پەروەردەیی لە چەندین زانکۆی جیهان دەخوێنرێت وەکو (ئۆکسفۆرد ئەریزۆنا، پەنسلڤانیا، نیومەکسیکۆ، مانچستەر، نیوکاسل).

گرنگی پەروەردەی زمان لە ئەنجامی جیهانگیری، سیستمی پەروەردەیی، پێویستی ڕاهێنانی مامۆستا و بەڕێوەبەر لەو ڕوانەی زمانناسی بە پەروەردە پەیوەستن، وە لەو بوارە لاوەکییە جۆراوجۆرانەی لە نێوخودی زمانی پەروەردەییدا گەورە بوون.
(Hornberger, 2001, p2)

سپۆلسکی دەڵێت: سەرەتا لە هەوڵەکان رازی نەبووم بۆ پێناسەکردنی (زمانەوانی کارەکی)، بۆیە دەستەواژەی (زمانی پەروەردەیی) م پێشنیارکرد. هەرچەندە لە سەرەتادا زمانەوانی پێداگۆگیم پێشنیار کرد، بەڵام بڕیارمدا لەشوێنی ئەو زاراوەیە زاراوەی (زمانی پەروەردەیی) بەکاربهێنم.

زمانی پەروەردەیی دوو لایەنە لەخۆدەگرێت: ئەو بەشانەی زمانەوانی دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتە پەروەردەییەکانەوە هەیە، هەروەها ئەو بەشانەی پەروەردە کە پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە. بۆیە ئەم بابەتە وا دەردەکەوێت کە مەودایەکی تارادەیەک فراوانە، چونکە زۆربەی بەشەکانی پەروەردە زمان دەگرێتەوە: بۆ نموونە بۆمان دەرکەوت لێهاتوویی پێوانەکراو لە بیرکاریدا لە خوێندکارانی کۆچبەری نوێ لە ئیسرائیل بەهۆی توانای سنووورداری زمانی عیبرییەوە دابەزیوە. بەڵام بیرکردنەوەی نوێتر، دوای لانیکەم دە ساڵ لە لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە لە بواری سیاسەتی زماندا، دیدێکی روونتری پێبەخشیم کە چۆن زمانی پەروەردەیی بدۆزمەوە، ئێستا وەک دابینکردنی ئامرازە بنەڕەتییەکان بۆ دارشتنی سیاسەتی پەروەردەی زمان و بۆ جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی پەروەردەی زمان دەبینم، من دەڵێم، سیاسەتی زمان لەناو هەموو کۆمەڵگاکانی قسەکردندا بوونی هەیە (و لەناو هەر دۆمەینێک لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا)، پراکتیکە زمانییە ئاسایەکانی کۆمەڵگەکە (وەک هەڵبژاردنی جۆرەکان)؛ بیروباوەڕی زمانی یان ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگە (وەک ئەو بەهایانەی کە لەلایەن ئەندامانی جۆراوجۆری کۆمەڵگەوە بۆ هەر جۆرێک دیاری دەکرێن)؛ و هەر چالاکییەکی بەڕێوەبردنی زمان، واتە هەوڵەکانی هەر تاکێک یان دامەزراوەیەک کە دەسەڵاتی هەیە، یان ئیدیعا بۆ دەستکاریکردنی پراکتیکەکانی زمان و بیروباوەڕی زمانی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگە دەکات. بەدواداچوون بۆ مێژووی بەڕێوەبردنی زمان، سەرەتاییترین چالاکییەکان ئەوانە بوون کە ئامانجیان پاراستنی دەقە پیرۆزەکان بوو (بۆ نموونە کارەکانی ڕێزماناناسانی سانسکریت و عەرەبی و عیبری) یان وەرگێڕانیان بۆ زمانی نوێ. دواتر لەگەڵ دامەزراندنی ئەکادیمیای ئیسپانی و فەرەنسا، جەختکردنەوەکە بۆ پاراستنی جۆرە ستانداردەکان. جۆرێکی زمانی ستانداردی ناوەندی گۆڕا، بە مەبەستی جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی. ئەم ئەرکە چڕبووەوە لەسەر دۆخی زمان، پشتگیری لە چاندنی زمانی باوکسالاری دەکرد. لە سەدەی نۆزدەهەمدا و دیسانەوە لەگەڵ کۆتایی

هاتنی کۆلۆنیالیزم لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی. لە کاتێکدا ئەمە کاریگەری ئاشکرای لەسەر پەروەردە هەبوو (بەتایبەت لەسەر هەڵبژاردنی زمانی فێرکردن)، دانان بەوەی کە سیاسەتی بەدەستهێنانی زمان، پێکهاتەیەکی سەرەکی بەڕێوەبردنی زمانە، ڕاستە کە زۆربەی قوتابییان سیاسەتی زمان سەرنجیان لەسەر بڕیارەکانی تایبەت بەو پێگەیە لە سەر ئاستی دەوڵەت- نەتەوەدا بەردەوامن، بەڵام دانپێدانان لە گۆڕانکارییە سەرەکییەکان، لە پراکتیک و بیروباوەڕی زماندا دەرئەنجامی چالاکییەکانی بەڕێوەبردنن کە تایبەتن بە پەروەردە. (Spolsky, 2008, 3)

لە دەیەی (1960) زمانەوانی کارەکی مامەڵەی لەگەڵ فێرکردنی زمانە بیانییەکاندا کردووە، بۆ نموونە لە مەودای ئەو بابەتانەی کە لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا لەلایەن (American Association for Applied Linguistics) بەستراون، زمانەوانی کارەکی هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت، کە (چارلز ڤۆیگلین) ناوی لێنابوو " (زمانەوانی هایفینەتید) (Hyphenated Linguistics) یانی هەموو شتێك بە جیا لە تیۆری زمان و مێژوو زمان و وەسفکردنی زمان. (Francis, 2008, 11)

یەکێك لەکێشەکانی ناوەندی گفتوگۆ پەیوەندی نێوان زمانەوانی تیۆری یان گشتی و بواری زمانەوانی کارەکی بوو، بە تایبەتی لەگەڵ شکستی میتۆدی زمانی دەنگی لە لایەك و ڕەتکردنەوەی (زمانەوانی گوێزانەوە) بۆ قبوولکردنی بەرپرسیارێتی بۆ پرسە پراکتیکییەکان، لە لایەکەی دیکە ئەو بیرۆکە سادەیەی زمانەوانی پیادەی دەکرد، بە سادەیی زمانی بەسەر هەندێك پرسیاری پراکتیکیدا جێبەجێکرا.

(Spolsky) دەڵێت:  زمانەوانی کارەکی بۆ من هەوڵێکی تاڕادەیەك بێ ڕۆح بوو، وەك ئەوەی پەرەی پێدرابوو، بۆ جێبەجێکردنی مۆدێلی زۆر ناپەیوەست بە مەودایەکی زۆر تەسکی کێشەکان، بە تایبەتی لە فێرکردنی زمانە بیانییەکاندا. هەندێك لە زمانناسان دەڵێن: زمانەوانی وەك زانستێك خوێندنەکەی تەنیا بۆ زیادکردنی مەعریفەی مرۆڤە، بەڵام هەندێکیتر لە زمانناسان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، زمانەوانی بۆ هەر کێشەیەکی پەروەردەیی کە سەرهەڵدەدات، بەخێرایی خزمەتگوزاریەکانیان پێشکەش دەکات، بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێك لەپلانداناان یان فێرکردنی زماندا. ئاشکرایە زمانناسی زۆرجار پەیوەستە بە پەروەردەوە.

بە شێوەیەکی گشتی زمانی پەروەردەیی هەردوو زانستی (سایکۆلۆژیایی پەروەردەیی و سۆسیۆلۆژیایی پەروەردەیی) لەخۆ دەگرێت، بە تایبەتی دوای ئەو کرانەوەی و گرنگی و بایەخانەی بە بواری پەروەردە، بە تایبەتی گرنگی ڕۆلی زمان لە پەروەردەکردنی تاکەکان دەدران، ئەمەش بوە هۆی دەرکەوتن و هاتنە مەیدانی چەندین پەیرەوی پەروەردەیی. ئەوەی لە ئێستادا جێگەی پرسیارە، بە تایبەتی پەیوەندی تیۆرە زمانییەکانە بە زمانەوانی کارەکی، ئایا ئەو دوو لایەنە چ پەیوەندییەکیان بە یەکترەوە هەیە؟ ئەمەش وایکرد چەندین پرسیار و گومان لەسەر ئەو بابەتە سەرهەڵبدات، لە لایەکیتریشەوە ئەو ناکۆکیانەی لەسەر پێناسەی زمانەوانی کارەکی هەبوون، کەواتە سپۆلسکی بۆ نەهێشتنی ئەو گومانانە زانستیی زمانی پەروەردەیی بە زانستی زمانەوانی کارەکی پێشنیارکرد، و هەم بابەتەکەشی بە زمانەوانی کارەکییەوە بەستەوە.

زمانی پەروەردەیی لە بنجینەدا بە شێکە لە زمانەوانی کارەکی و هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، منداڵ چۆن فێر دەبن؟ ئایا کۆمەڵگە چۆن بەشداری ئەو پرۆسەیە دەکەن؟

دەتوانین بلێین سپۆلسکی تێڕوانینەکانی لە هالیدای نزیکە، بە تایبەتی پەیوەستکردنی زمانی پەروەردەیی بە زمانەوانی کارەکی، هاوبەشی تێڕوانینەکانیان لە وە دابوو، کە هەردوکیان جەختیان لەوە دەکردەوە زمانی پەروەردەیی بریتی نییە لە دانانی تیۆری زمانەوانی، بەڵکو بریتییە: لە بنەمای تیۆری زمانەوانی لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا. (Spolsky, 2008, 8)

## 2-1: پێناسەی زمانی پەروەردەیی

زمانی پەروەردەیی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی کارەکی، بوارێکی تازەیە لە پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە دەکۆڵێتەوە، لە زمانی کوردیدا زاراوەی (زمانی پەروەردەیی) بەکاردەهێنرێت، لە زمانی ئینگلیزی پێدەڵێن: (Educational Linguistics) لە زمانی عەرەبی پێدەڵێن :(علم اللغه التربوى)،( اللسانيات التعليمى) لە زمانی فارسیش پێدەڵێن: (زبان شناسى تربيتى).

(Hornberger )دەڵێت: دەتوانرێت زمانی پەروەردەیی    وەک بوارێک وەسف بکرێت، کە پەیوەندییەکی دینامیکی بە کۆمەڵێک دیسیپلینەوە هەیە، ڕێبازێکی کێشەداری ئاڕاستەکراو لە پرسە تەرکیزکراوەکانی زمان لە پەروەردەدا دەگرێتەبەر، یان لە دەوری پرسەکان و پانتایی شیکاری قووڵ دابیندەکات.

ڕووکاری زمانەوانی لەگەڵ دیسیپلینەکانی دیکە هەمیشە یەکێک بووە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زمانی پەروەردەیی. وەک (Spolsky) دەڵێت: لە کێشەیەکی تایبەتەوە دەستپێدەکات و دواتر سەیری زمانەوانی و دیسیپلینەکانی دیکەی پەیوەندیدار دەکات، بۆ ئەوەی لە چارەسەرکردنی یارمەتیدەر بێت. لە درێژەدا دەڵێت: یەکتربڕینی زمانەوانی پەیوەندی بە پەروەردەی فەرمی و نافەرمیەوە هەیە. بێگومان مەودای ئەو کێشانەی دەبێ چارەسەر بکرێن، هەروەها ئەو پێکهاتە کە ئامرازەکانی توێژینەوەن و دەتوانرێت بەکاربهێنرێن. لێیان بکۆڵینەوە، زمانی پەروەردەیی بوارێکە " فرە شێواز و فرە ئاستە". بە واتایەکی تر چەند بابەتێکی سەرەکی لە دڵی زمانی پەروەردەییدا هەن، کە پێویستیان بە کۆمەڵە شێوازی جیاوازی توێژینەوە هەیە. بەم شێوەیە، مەودایەکی بەرفراوان لە ڕێگەی کارێکی بەرفراوانەوە بەدەستدێت، کە لە ژێر چاودێری بوارەکەدا ئەنجامدەدرێن، هەروەها لێکۆڵینەوەی قووڵ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ئاڵۆزەوە لەلایەن پسپۆڕانی بوارە تایبەتەکانەوە ئەنجام دەدرێت، هەموو زمانناسێکی پەروەردەیی بە شێوازی جیاواز توێژینەوە ئەنجام دەدات، هەندێکیان تیشك دەخەنەسەر پرسەکانی ئاستی بچووک، هەندێکیان لەسەر پرسەکانی ئاستی ماکرۆ، هەندێکیشیان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکات. دەرئەنجامەکەی تێگەیشتنێکی گشتگیرە لە کارلێکی نێوان تاکەکان، زمان و کۆمەڵگە، پەروەردە.
(Hornberger, And Hult, 2009, 225)

بۆ بەرچاو روونی و زیاتر تێگەیشتن لە زمانی پەروەردەیی، چەند پێناسەیەك دەخەینەڕوو.

1-(Spolsky) دەڵێت: (زانستی زمانی پەروەردەیی بەشێکە لە زانستی زمانەوانی کارەکی کێلگەیەکی لۆجیکی و چڕاو پێکدەهێنێت). (Spolsky, 2008, 15).

2- (Crystal) دەڵێت: زمانی پەروەردەیی  زاراوەیەکە کە هەندێکجار بۆ بەکارهێنانی تیۆری زمانەوانی، شێواز و دۆزینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە فێرکردن/فێربوونی زمانێکی زگماکی، بە هەردوو شێوەی قسەکردن و نووسین، لە قوتابخانەکان یان شوێنە پەروەردەییەکانی تردا بەکاردێت؛ بە شێوەیەکی فراوانتر، بۆ هەموو چوارچێوەی فێرکردن؛ هەروەها پێی دەوترێت زمانەوانی پێداگۆژی و هەندێکجار پێداگۆژی زمان. بابەتەکانی تایبەت کە جێگەی سەرنجن بریتین لە لێکۆڵینەوە لە خوێندنەوە و نووسین، شێوەزار و زاراوە، قسەکردن جۆراوجۆری زمان لە سەرانسەری پرۆگڕام، و فێرکردنی زمانەوانی، ڕێزمان و هتد لە قوتابخانەکاندا. (Crystal, 2008, 163)

3- يوسف شەریف سەعید دەڵێت: (زمانی پەروەردەیی لقێکە لە زمانەوانی کارەکی لە پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە و زمان و فێرکردن دەکۆڵێتەوە. (یوسف شەریف سەعید، 2011، 27).

4- حلمی خلیل دەڵێت: زمانی پەروەردەیی لقێک لە زمانەوانی کارەکی، یان یەکێک لە گرنگترین لقەکان، کە گرنگی بەو شێواز و ئامرازانە دەدات، کە یارمەتی قوتابی و مامۆستا بۆ فێربوون و فێرکردنی زمانەکە دەدەن، بە سوودوەرگرتن لە ئەنجامەکانی زمانەوانی فۆنێتیک، مۆرفۆلۆژی، ڕێزمانی و مانا. (حلمی خلیل، 2003، 76)

5- سەلام ناوخۆش دەڵێت:( بەکارهێنانی بنەماکانی زمانەوانی لە هەردوو پرۆسەی وانەوتنەوە و وانەوەرگرتن. چوونی زمانەوانی بۆ ناو قەڵەمرەوی پەروەردە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە زمانەوانی پێداگۆجی). (سەلام ناوخۆش، 2014، 89).

6- بەکر عومەر عەلی و ئەوانیتر دەڵێن: (زانستی زمانی پەروەردەیی وەچە کێلگەیەکی زانستەکەی خۆیەتی (زانستی زمان)، ئەم زانستە زۆر هاوشێوەی و لێچووی هەردوو زانستی سایکۆلۆژیایی پەروەردەیی و سۆسۆلۆژیای پەروەردەییە). (بەکر عومەر عەلی و ئەوانیتر، 2011، 283).

7- هالیدەی دەڵێت: (مەبەستی زمانی پەروەردەیی ئەوەیە کە تاك و کۆمەڵگە خۆیان بەکاری زمانی پەروەردەیی هەڵبستن. (هالیدەی، 2007، 329).

8- (Richards and Schmidt) لە فەرهەنگی لۆنگمان بۆ فێرکردنی زمان و زمانەوانی کارەکی دەڵێت: زمانی پەروەردەیی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی کارەکی کە لە پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە دەکۆڵێتەوە (Rechard and Schmidt, 2010, 189).

9- (Hornberger) دەڵێت: زمانی پەروەردەیی جەخت لەسەر بەکارەکیکردنی پرۆسەی پەروەردە دەکاتەوە، کە زمان ڕۆڵێکی کاریگەری لەناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەگێڕێت (Hornberger, 2009, 224).

دەتوانین بڵێین زمانی پەروەردەیی: زمانی پەروەردەیی لقێك لە لقەکانی زمانەوانی کارەکی، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە و فێرکردن دەکات.

## 3-1: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی پەروەردەیی:

زمانی پەروەردەیی لە ساتێکی چالاکی فیکریدا گەشەی کرد، بەتایبەتی لە بواری لێکۆڵینەوەی زماندا، هەروەها لەدایکبوونی (کۆمەڵناسی زمانی فیشمان) و (ئێتنۆگرافیای پەیوەندییەکانی هایمز) ی بەخۆیەوە بینی، زمانی پەروەردەیی وەک کێشەئاراستەکراوی نێوان زانستەکان سەریهەڵدا. سپۆلسکی دەڵێت: زمانەوانی ناوەندی لێکۆڵینەوە لە پرسەکانی پەیوەست بە زمان، دەبێت بە شێوەی تەواوکاری لەگەڵ ڕێبازەکان و دیسپلینەکانی تر کۆبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە هەر کێشەیەکی دیاریکراو (واتە پرسێک یان بابەتێک) کە پەیوەندی بە زمان و پەروەردەوە هەبێت، تێبگەین. لێرەدایە بۆ یەکەمجار بابەتی ترانسدیسپلین لە زمانی پەروەردەییدا ڕەنگیدایەوە. (Hornberger and F M Hult, 2009, 225-226)

(Halliday) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناوی ( Some Basic Concept of Education Linguistics) توانیویەتی ڕێبازێک بۆ زانستی زمانی پەروەردەیی دابنێت و دەڵێت: زانستی زمانی پەروەردەیی بریتییە: لە یەکتربڕینی دوو شیکردنەوەی وەک (بابەتی ئەوەی، کە خەڵکی واتا چۆن دەگەیەنن؟ خەڵکی چۆن فێر دەبن؟)

هالیدەی ئەم بۆچوون و ڕێبازە بە تەواوەتی لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی سەرەکی خۆیدا ڕەنگداوەتەوە، کە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی (بنەمای باس/بابەت )ناسراوە، و زۆر هاوشێوە و لێکچووی ئەو ڕێبازەیە، کە(Spolsky) لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا پەیڕەوی کردووە، کە ئەویش ڕێبازی (ئاراستەی کێشە بووە) ، ئەم لێکچوونەش بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە، کە لە سەرجەمی ئەو ڕێباز و لێکۆڵینەوانەدا بیرۆکەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە: لەوەی، کە لێکۆڵەر سانایانە کۆزانینی زانستەکە یاخود تیۆرییەکە وەرناگرێت و بە سەر بابەتەکە و بارودۆخەکەیدا جێبەجێیبکات. کەواتە لە زانستی زمانی پەروەردەییدا لێکۆڵەر هەمیشە بە کێشە دەستپێدەکات، یاخود بەو کێشەیە/ بابەتە دەستپێدەکات، کە پەیوەستە بە زمان و پەروەردەوە، دواتر لێکۆڵەر هۆکار و ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەرکردنی لێکۆڵینەوەکەی بە مەبەستی دۆزینەوەی کێشە زیاد دەکات. بەمشێوەیە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی سەرەکی لە زانستی زمانی پەروەردەییدا بریتییە: لەم ڕێبازی لێکۆڵینەوەیەدا لە پشت بەستن بە (بابەتەکان/ باسەکان/ کێشەکان) بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت، بە شێوەیەکی تایبەتی لە ئاوەزی لێکۆڵەرەکەدا بەرهەمنایەت، بەڵکو لە پەیوەندی لێکۆڵەرەکانەوە لەگەڵ لایەنی کارەکیدا دێتەبوون، کەواتە لە زانستی زمانی پەروەردەییدا لێکۆڵینەوە و لایەنی کارەکیی یەکتری تەواو دەکەن.

هالیدای تێبینی دەکات چالاکییەکان لە زمانەوانی کارەکیدا زیاتر لە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە دیسپیلینەکان لەخۆدەگرن: لانیکەم، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و زمانەوانی دەگرێتەوە، ئەو فێرکردنی زمانی بیانی وەک نموونەیەک دەهێنێتەوە. لە تێڕوانینەکانی بۆ زمانەوانی کارەکی ترانسدیسپلین، ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت ئامانجمان تەنها دروستکردنی تێکەڵەیەک لە چالاکی فیکریدا نییە، کە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە دیسپلینە جیاوازەکانەوە پێکهاتووە، بەڵکو بۆ ئەوەی زیاتر بڕۆین و کۆبکەینەوە، هەر دیسپیلینێکی پەیوەندیدار بۆ پرسێکی تایبەت چی پێشکەشدەکات، بەم کارە تێدشکخستنە سەرەکە دەبێتە بنەمای بابەت.توانەوەی ئەم ڕێبازی لێکۆڵینەوانە لە ناو قاڵبی یەک ڕێبازی لێکۆڵینەوەی گشتیدا، بۆ خۆی هەنگاوی بەراییانەی یەکەم بووە بۆ هێنانەکایەی قوتابخانەی جیاواز لە ناو زانستی زمانی پەروەردەییدا، کە هەریەکێکیان لە تیۆری زمانەوانی جیاواز ژێربێژی جیاوازەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیشیان تەنها و تەنها دەڕژێتە ناو دەریای لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی پەروەردەییەوە.( بەکر عومەر عەلی و ئەوانیتر ، 2012، 287).

بواری زمانی پەروەردەیی هەر لە سەرەتاوە خەمی لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو هۆکارانە بووە، کە کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی زمان هەیە، وەک چۆن پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە. ئامانج هەمیشە دروستکردنی جەستەیەکی وردی زانیاری بووە سەبارەت بەم هۆکارانە، و پەیوەندییەکانی نێوانیان، بە مەبەستی پێشخستنی پرسە پەروەردەییەکان لە فێربوونی زمانەوە، تا پلاندانانی زمان. بەڕوونی، هیچ پارادایمێک یان دیسیپلینێک ناتوانێت بۆ هەوڵێکی لەو شێوەیە بەس بێت، لە ئەنجامدا زمانی پەروەردەیی ئەگەری زۆرە وەک بوارێکی ترانسدیسپلین لە پەرەسەندن بەردەوام بێت، کە نەک بە بنەمایەکی دیسپلین، بەڵکو بە تاکە فۆکۆسی خۆیەوە بەستراوەتەوە. کەواتە کاری زمانی پەروەردەیی لە بەشێکی جۆراوجۆری ئەکادیمیدا و لێکۆڵینەوە لە (ئەنترۆپۆلۆژی، بواری خوێندن، پەروەردە، زمانە بیانییەکان، زمانەوانی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و هتد) بەپێی بابەتەکە ئەنجام دەدرێت. ( Hornberger and Hult, 2009, 226).

## 4-1: قوتابخانەکانی زمانی پەروەردەیی

زمانی پەروەردەیی لە سێ شێوازی سەرەکیدا شێوەی وەرگرتووە، یان بەو شێوەیەی کە لە قوتابخانەکانی بەریتانی و ئوسترالی و ئەمریکی پێکدێت. هەریەکەیان لە کۆمەڵێک ڕووەوە جیاوازن. ڕەنگە قوتابخانەی بەریتانی نزیکترینیانە لەگەڵ زمانەوانی گشتیدا، وەک لە هەوڵەکاندا دەبینرێت، بۆ ئەوەی زمانەوانی ببێتە بوارێکی بنەڕەتی بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان، هەروەها هەوڵەکان بۆ دروستکردنی پرۆگرام لەسەر بنەمای زمانەوانی. لە هەمان کاتدا ناکرێ بە سادەیی بڵێین زمانی پەروەردەیی بەریتانی، پەیوەندی بە زمانەوانییە لەگەڵ پەروەردەدا هەیە. لەلایەکیترەوە تا ئێستا ڕێکەوتنی گشتگیر لەسەر ئەوە نەبووە، زمانەوانی چۆن دەبێ پەیوەندی بە پەروەردەوە هەبێت؟ زۆر شت لەبارەی ئەو بابەتە هەم لەلایەن زماناناس و هەم پەروەردەکارەوە وەکخۆی ماوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە، بە دوای پێشەنگی زمانەوانییەکی کارەکی کە چەندین ڕێبازی دیسپلینی کۆدەکاتەوە، زماناسە پەروەردەییەکانی بەریتانیا سوود لە بایەتێکی بەرفراوانی ئامرازەکانی توێژینەوە وەردەگرن. زمانی پەروەردەیی ئوسترالیا بەهۆی پەیوەندییەکی ڕوونی بە زمانەوانی سیستەماتیکەوە، کە زمان وەک نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت، و بەشێکە لە دروستکردن و لێکدانەوەی زەمینەی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کۆدەکاتەوە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زمان لە پراکتیکی پەروەردەییدا، وەک پرۆسەیەکی پێگەی کۆمەڵایەتی. یەکێک لە سەرنجەکانی قوتابخانەی ئوسترالیا فێرکردن و فێربوونی ژانر لە بواری خوێندەواریدا بۆ مەبەستی پیشەیی و ئەکادیمی بووە. هەروەها شایەنی باسە پەیوەندی پتەو لە نێوان قوتابخانەکانی بەریتانیا و ئوسترالیدا هەیە، بەهۆی کاریگەری هالیدای لەسەر هەردوو سەرەتای زمانی پەروەردەیی بەریتانی و گەشەکردن و گەشەسەندنی زمانی پەروەردەیی لە ئوسترالیا. قوتابخانەی ئەمریکی بە جۆراوجۆری بابەتەکانی و بنەما چەمکییەکانی تایبەتمەندە. لایەنەکانی زمانەوانی گشتی بە بەردەوامی لەگەڵ ئامرازەکانی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کۆدەکرێنەوە، زۆربەی کات ئەنترۆپۆلۆژیا، دەروونناسی و کۆمەڵناسی، بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆی ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە بەدەستهێنانی زمان، بەکارهێنانی زمان و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی زمانەوانی لە پەروەردەی فەرمی و نافەرمیدا هەیە. جگە لە سپۆلسکی، هایمز لە ئەمریکادا لە بواری زمانی پەروەردەیی کەسایەتییەکی کاریگەر بووە، لە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکاندا لە زمانی پەروەردەیی بە تایبەت لە ئەمریکا، ڕوانگەی ئەو بۆ زمانەوانی کۆمەڵایەتی سوودی لێوەرگیراوە. بێگومان پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە کۆنتێکستەکانی بەریتانی و ئوسترالی و ئەمریکا تاکە شوێن نین، کە زمانی پەروەردەیی تێیدا سەریهەڵداوە. بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە چەندین شوێنی جۆراوجۆردا خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ بۆ نموونە، پاکیر (1994) باس لە بەکارهێنانی زمانی پەروەردەیی دەکات، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی فرە زمانەوانی و پەیوەندی نێوان کلتوری بۆ پەروەردە لە سەنگافورە؛ و لە ئەرجەنتین، (سواردیاز و دۆمینگێز) (1987) باس لە ڕۆڵی زمانی ڕەسەن لە پەروەردەی سەرەتاییدا، وەک ئامراز لە پرۆسەی پەروەردەیی و هەم وەک ئامرازێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆسەیە دەکەن. گرنگی زمانی پەروەردەیی بۆ چوارچێوەی دیکەش دەتوانرێت لە دامەزراندنی بەرنامەی ڕاهێنان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا ببینرێت. (Hornberger, 2009, 224)

تیۆرەکانی زمانەوانی لە سەرجەم بوارە پەروەردەییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەر بابەتە پەروەردەییەکان هەیە، ئەگەر سەیری هەردوو قوتابخانەی زمانەوانییەکانی وەکو ( تیۆری بەهەمهێنان) و ( تیۆری ئەرکی) هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز تێڕوانینەکانیان دەربارەی (زانستی پەروەردە ) و(زانستی پەروەردەی پێشکەوتوو) هەیە، لە تیۆری بەرهەمهێناندا بە تایبەتی فێربوونی زمانی یەکەم، منداڵ دەستی لەو فێربوونە نییە، بەڵکو ئەوە لایەنی بایەلۆژی ئەو منداڵەیە کە کاریگەری لەسەر ئەم فێربوونەدا هەیە، بەڵام لە فێربوونی زمانی دووەم لایەنی بایەلۆژی هیچ ڕۆڵێك لەو فێربوونە ناگێرێت، بەڵکو لێرەدا ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن زاڵە بەسەر پرۆسەکە، پەیوەندی نێوان ( زمانی دایك و و فێربوونی زمانی دووەم) بەپێی تیۆری بەرهەمهێنان بۆ فێربوونی زمانی دووەم و پێویستە سەرەتا هەنگاوەکانی فێربوونی زمانی ڕەسەن یان دایك دیاری بکەین، و بیکەینە بنەمایەك بۆ دانانی هەنگاوەکانی دانان و دارشتنی بەرنامەی پەروەردەیی بۆ فێربوونی زمانی دووەم. هەرچی (تیۆری زمانەوانی ئەرکی) ە، نەخشەی هاوشێوەبوون لە نێوان فێربوونی زمانی یەکەم و زمانی دووەم دەکێشێت، بەبڕوای ئەو تیۆرە لایەنی (فۆرم و واتا) بە شێوەیەکی سەرەکی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی تیۆری بەرهەمهێنانە کە فۆرم بە شێوەیەکی سەربەخۆ سەیر دەکات، بە پێی ئەم تیۆرە شێوە زمانییەکانی هەر زمانێك بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن یان پەروەردە و تێگەیشتن بە لایەنی مێژوویی و کلتورییەوە بەستۆتەوە.

قوتابخانەکانی زمانی پەروەردەیی خۆی لە چەند قوتابخانەیەك دەبینێتەوە، بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی گشتیی باس لە ڕۆڵ و گرنگی و بایەخ قوتابخانەکان دەکرێت، خۆی لە سێ قوتابخانە دەبینێتەوە ئەویش قوتابخانەی (ئوسترالی و ئەمەریکی و بەریتانی) کە لەلایەن (هۆرنبێرگەر) ئاماژەی پێکردووە.

1-قوتابخانەی ئوسترالی

ئەم قوتابخانەیە تیشك دەخاتەسەر نیۆری زمانەوانی ئەرکی و لەگەڵ ئەو تیۆرەدا دەگونجێت، ئەم تیۆرە زمان وەك سیسنەمێکی کۆمەڵایەتی شیدەکاتەوە، بە شێوەیەکی کارەکی لە پرۆسەی بەکارهێنانی زمان دەکۆڵێتەوە، بەمەش زمانی پەروەردەیی پەیوەست دەبێت بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەردوو زانا (Martin)(Christie) لە لێکۆڵینەوەکانیاندا جەختیان لەسەر لایەنی (فێرکردن) و (فێربوون) لە پرۆسەی پەروەردەکردندا کردۆتەوە.

2- قوتابخانەی ئەمەریکی

ئەم قوتابخانەیە بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو (ئەنترۆپۆلۆژی و دەرونزانی ، و زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە) بەستراوەتەوە، ئەم بەستنەوەیەش بە مەبەستی چارەسەر و خستنە پێش چاوی بابەتە پەیوەستەکانی وەکو ( زمان پرژان و بەکارهێنانی زمان، پەروەردەکردنی فەرمی و نافەرمی).

3- قوتابخانەی بەریتانی

ئەم قوتابخانەیە لە زمانناسیی پەروەردەیی بە زمانەوانی گشتییەوە بەستراوەتەوە، ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە (Brumfit, Stubbs, Christie, Carter) هەوڵیانداوە، پرۆگرامێکی پەروەردەیی لەسەر بنەمانی زمانەوانی گشتی دابنێن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە قوتابخانەکە لەسەر بنەمای تێکەڵبوونی لایەنی پەروەردە و زمانەوانی گشتی هاتبێتە ئاراوە، چونکە تا ئێستا ڕێککەوتنێکی سەراپایی لەسەر ئەوە نییە، کە زمانەوانی گشتی بە پەروەردەوە بەسترابێتەوە. لەلایەکیتریشەوە ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی پەروەردە و زمانەوانی گشتی دەکرێت، لێکچوونی ئەم دوو بابەتە بە یەکترەوە کەمن زۆر بابەتی هەردوو زانستەکە بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

(Hornberger, 2009, 245) (بەکر عومەر عەلی و ئەوانیتر، 2012، 287).

## 5-1: مەودای زمانی پەروەردەیی

ئەمانەی خوارەوە چەند ڕوونکردنەوەیەکن بۆ مەودای زمانی پەروەردەیی کە لەلایەن (هۆرنبێرگەر 2001) هەندێک لە پسپۆڕانەوە پێشنیارکراون:

أ. سپۆلسکی (1972) ڕایگەیاند کە زمانی پەروەردەیی دیسیپلینێکە، ئەرکی سەرەکی پێشکەشکردنی زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە جێبەجێکردن و داڕشتنی سیاسەتی پەروەردەی زمان.

ب. هۆرنبێرگەر دەڵێت: زمانی پەروەردەیی خۆی تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی فرەچەشنی زمانەوانی و کلتووری و ڕێبازەکانی فێربوون و فێرکردنی زمان، کە بەرژەوەندییە ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان لەخۆدەگرێت، هەروەها وتی: زمانی پەروەردەیی بریتییە: لە بەدەستهێنانی زمانی دووەم، هەڵبژاردنی زمان، پاراستن و گۆڕانکاری، زمان و نەتەوە، شیکاری وەسفکەری کردار و گوتاری قسەکردن، کاریگەرییە پەروەردەییەکانی فرەچەشنی زمانەوانی، پلاندانانی زمان، پەروەردەی دوو زمانە، کارلێکی قسەکردن لە ژینگەی پیشەییدا، و دوو خوێندەواری لەو بیرۆکانە دەتوانین بڵێین زمانی پەروەردەیی لەگەڵ مامۆستایاندا دەست بە کارکردن دەکات، و چاو لە چۆنیەتی کارکردنی زمان لە پەروەردەدا دەکات، چۆن زمان لە ژینگەیەکی پەروەردەی فرە زماندا کاردەکات؟ چۆن مرۆڤەکان زمانی دیسیپلینەکان لە پەروەردەدا بەدەستدەهێنن. (Andriyani, 2016, 28)

بە ئاماژەدان بە هەندێک لە کەرەستە/سەرچاوەکانی سپۆلسکی سەبارەت بەم بوارە، مرۆڤ دەتوانێت لانیکەم لە ناوەڕۆکی کتێبەکانی/بابەتەکانی، مۆنۆگرافەکانەوە تێبینی ئەوە بکات، ئەم بوارە بابەت/پرسەکانی وەک چۆن زمانێک دەبێت فێربێت/فێربکرێت لەخۆدەگرێت؟ ئەو میتۆدۆلۆژیانە چین؟ کە پێویستە/دەبێت/دەکرێت یان دەتوانرێت پەیڕەو بکرێن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست و کاریگەر فێری ئەو زمانە یان ئەم زمانە تایبەتە بکرێن یان فێری ببن؟ بۆچی ئەم شێوازە تایبەتە؟ بەڵام نەک ئەوەی مرۆڤ کاریگەرترە لە فێرکردن یان فێربوونی زمانێک؟ سەرەڕای ئەوە بۆچی شێوازێکی تایبەت لە دۆخێکدا دەگونجێت بەڵام لە دۆخەکانی دیکەدا ناگونجێت؟

بۆ ئاماژەدان بە پرسەکەمان ئەو پرسانەیە کە لەلایەن زمانەوانی/زمانناسانی پەروەردەییەوە حسابیان بۆ دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی، حساب بۆ پرسەکانی وەک میتۆدۆلۆژیای فێرکردنی زمان، میتۆدۆلۆژیای فێربوونی زمان، فێرکردن/فێربوونی زمانێک وەک زمانی بیانی یان دووەم، فێربوونی / فێرکردن زمانێک بۆ مەبەستی ئەکادیمی یان تایبەت، بەڵام کەمترین ئامادەکردنی کەرەستەی فێرکردن و فێربوونی زمانەکان (دیزاینی پرۆگرام). پرسەکانی دیکە کە لەلایەن زمانناسە پەروەردەییەکانەوە گرنگی پێدەدرێت.

لە بنەڕەتدا زمانی پەروەردەیی هەموو جۆرە کەرەستەیەک بۆ مامۆستایان دابین دەکەن، بۆ هەموو ئاستەکان و بۆ هەموو پێداویستی و مەبەستێک. لە لایەکەوە پێویستیان بە ئامادەکردنی کەرەستە بۆ کارامەییەکانی زمانی فێرکراو/فێربوو. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە کۆمەڵێک تیۆری/مێتۆد و ڕێبازیش بۆ مامۆستایانی ئەم زمانە ئامادە بکەن، تا بتوانن ئەو شتانە هەڵبژێرن کە لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا دەگونجێت، کە تێیدا وانە دەڵێتەوە.

کاتێک باس لە تواناکانی قسەکردن و گوێگرتن دەکرێت، مامۆستا پێویستە بزانێت چۆن وانە بڵێتەوە، لە کوێوە دەست پێبکات؟ بەچی دەست پێبکات؟ چ جۆرە ماددەیەک چالاکترین و کاریگەرترینە بۆ ئاستی قوتابییەکان کە بڕیارە فێری بکات/مامەڵە لەگەڵ بکات؟ لەوەش گرنگتر چۆن دەبێت مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکانی بکات؟ قوتابییەکان پێویستیان بە چ کەرەستە و ماددەیەک هەیە؟ بۆ بەدەستهێنانی بنەماکانی سەرەتاییەکان یارمەتیاندەدات، بچنە ئاستێکی تر ئەگەر ئاستی ناوەندی و ئاستەکەیان باشتر بکەن، ئەگەر لە ئاستێکی سەرەوە-ناوەند بن، بە هەمان شێوە لە حاڵەتی خوێندنەوە و نووسیندا هەم مامۆستا و هەم قوتابییەکانی پێویستیان بە کەرەستەی فێرکردن و فێربوون هەیە. جگە لەوەش پێویستیان بە شێوازەکانی وانەوتنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەڕێوەببەن، کە چۆن فێری قوتابی بکەن؟ بە شێوەیەکی کاریگەر و بەرهەمدار ئەو شتانە لە ئەزموونی ژیاندا کە لە ڕووی تیۆریەوە فێربوون/وەریانگرتووە، بەکاریانهێنن.

بابەتێکیتر لە پەروەردەی زمانناسان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، فێرکردنی زمانێکە بۆ مەبەستی تایبەت یان ئەکادیمی. لە حاڵەتی یەکەمدا زمانێکی دیاریکراو، بۆ نموونە وەك: زمانی ئینگلیزی بۆ چەندین و مەبەستی جیاواز هەلی فێرکردنی دەدرێت. بە واتایەکی تر زمانی ئینگلیزی بۆ مەبەستی بازرگانی بۆ ئەو کەسانە دەوترێتەوە کە گەشت بە جیهاندا دەکەن، و زمانی ئینگلیزی وەک ئامرازی پەیوەندیکردن لە بەشێکی زۆری جیهان بەکاردەهێنرێت. لەم حاڵەتەدا زمانناسانی پەروەردەیی پێویستیان بە ئامادەکردنی کەرەستەی فێرکاری و فێربوونی گونجاو هەیە، بە جۆرێکی تر ئەو جۆرە قوتابییانە بتوانن بە زمانی ئینگلیزی قسەبکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە کارەکانیان و ژیانی بازرگانییاندا ئاستێکی باشیان هەبێت، سەرەڕای ئەوەش لە کاتی فێربوون و فێرکردنی زمانێکدا، یان وەک زمانێکی بیانی یان دووەم فێر دەبێت یان فێردەکرێت. لە بنەڕەتدا فێربوون و فێرکردنی زمانێک وەک زمانی بێگانە بە تەواوی و تا ڕادەیەک جیاوازە لە فێرکردن/فێربوونی وەک زمانی دووەم. بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە، لە یەکەمیان تا ڕادەیەک هاوشێوەی فێربوون و فێرکردنی زمانێکە بۆ مەبەستی تایبەت و دووەمیان فێربوون و فێرکردنی زمانێکە بۆ مەبەستی ئەکادیمی. زمانناسانی کورد کاتێك لێکۆڵینەوە لە زمانی دووەم دەکەن، مەبەستیان زمانی ئینگلیزییە، ڕاستەیەکەی ئەوەیە زمانی ئینگلیزی زمانی دووەم نییە، بە واتایەکیتر زمانی ئینگلیزی زمانی فەرمی پەروەردە و فێرکردن نییە، بۆیە دەبێت زمانی دووەم بۆ زمانی عەرەبی بەکاربهێنرێت، چونکە زمانی کوردی و عەرەبی (لە چوارچێوەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا زمانی پەروەردەیە، و زاراوەی زمانی بیانی بۆ زمانی ئینگلیزیش بەکاردێت، نەك زمانی دووەم.

ڕەنگە زمانناسە پەروەردەییەکان بە وردی حساب بۆ پرسگەلێکی وەک (دوو زمانەوانی و فرە زمانەوانی) بکەن. وڵاتێک دوو زمان وەک ئامرازی پەیوەندی بەکاربهێنرێت، دەبێ وەک وڵات/گەلێکی دوو زمانە سەیر بکرێت. زمانی پەروەردەیی گرنگی بە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە فێربوون فێرکردنی زمان دەدات، و بۆ ئەو مەسەلەیە زمانناسانی پەروەردەیی دەبێت زانیاری تەواویان لەسەر نەک تەنها زمانناسی، بەڵکو پرسە پەروەردەییەکانیش هەبێت، لانیکەم شارەزایی زانیارییان لەسەر بنەماکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی هەبێت. (Ahmad, 2012, 213-214).

## 6-1: سروشتی زمانی پەروەردەیی

سپۆلسکی لە تێڕوانینە سەرەتاییەکانیدا، پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان زمانی پەروەردەیی و زمانەوانی (کارەکی) پێشبینیکردووە، زۆر هاوشێوەی پەیوەندی نێوان دەروونناسی پەروەردەیی و دەروونناسی (کارەکی).

لە هەمان کاتدا سپۆلسکی لە وەسفکردنی زمانی پەروەردەییدا بەڕوونی ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەپێویستی دەزانێت زۆر زیاتر لە زمانەوانی لەخۆ بگرێت. دەنووسێت،

"فێرکردنی زمان لە قوتابخانەدا ڕوودەدات و لە نزیکەوە بە هۆکارە لۆژیکییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەروونییەکان بەستراوەتەوە. سیاسەتێکی باشی پەروەردەی زمان، یان شێوازی کاریگەر بۆ جێبەجێکردن، زمانەوانی پشتگوێ ناخات.

لێرەدا زمانی پەروەردەیی، وەک زمانەوانی کارەکیبە شێوەیەکی فراوانتر، وەک بوارێکی ترانسدیسیپلین سەرهەڵدەدات. (Spolsky, 2008).

ترانسدیسیپلینی بریتییە: لە گەڕان بەدوای چەمک، پرسێک یان کێشەیەکی پەیوەندیدار کە دیدگاکانی چەندین دیسیپلین تێکەڵ دەکات، بە مەبەستی بەستنەوەی زانیاری نوێ و تێگەیشتنی قووڵتر لە ئەزموونەکانی ژیان . ئەم کارامەییانەی خوارەوە بە ترانسدیسیپلین دادەنرێت، واتە تایبەت نین بە بوارێک یان بوارێکی دیاریکراو. لێهاتوویی بیرکردنەوە (کارامەیی کۆمەڵایەتی، کارامەیی پەیوەندی، کارامەییەکانی خۆبەڕێوەبردن. کارامەیی توێژینەوە).

سپۆلسکی دەڵێت: زمانی پەروەردەیی لە کێشەیەکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکات، و دواتر سەیری زمانەوانی و دیسیپلینە پەیوەندیدارەکانی دیکە بۆ بەشداریکردنیان لە چارەسەرکردنیدا دەکات. ئەم سروشتە کێشەئاڕاستەکراوە لەگەڵ فۆرمولەکردنی ترانسدیسیپلینی لەسەر بنەمای بابەتی هالیدا ڕەنگدەداتەوە .

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زۆرێک لەو ئامرازانەی توێژینەوە کە دەبێ کۆبکرێنەوە لە زمانەوانییەوە دێن، جگە لەوەش زمانەوانی تەنیا ئاماژە بە چەمکێکی تەسک لە زمانەوانی تیۆری ناکات، بەڵکو ئاماژە بە زمانەوانی دەکات بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک چەندین شێوازی سیستماتیکی لێکۆڵینەوە لە زمان بیری لێدەکرێتەوە .

دیدگای سپۆلسکی بۆ ڕۆڵی زمانەوانی لە زمانی پەروەردەییدا. ئەو ئاماژە بەو شتانە دەکات کە پێی دەڵێن زمانەوانی و "بوارەکانی گەیشتوونەتە ڕێبازی جۆراوجۆری وەک زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆژی، زمانەوانی کلینیکی، شیکاری گوتار، زمانەوانی دەمار، پراگماتیک، زمانەوانی دەروونی، زمانەوانی کۆمەڵایەتی، و زمانەوانی تیۆری. زمانی پەروەردەیی، کە لە هەر ژمارەیەک لە پێکەوەگرتنی ئەمانە یان بوارەکانی تری پەیوەندیدار لە خوێندن ڕاهێنراوە، زمانی پەروەردەیی لە چەندین بەشی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەوانە ئەنترۆپۆلۆژی، زمانەوانی کارەکی، پەروەردە، زمانە بیانییەکان، زمانی دووەم، زمانەوانی، دەروونناسی، و کۆمەڵناسی. بەڵام هاوبەشی هەموو زماناسە پەروەردەییەکان ڕاهێنانە لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا کە سروشتی ترانسدیسیپلینی هەیە (Hult, 2008, 16-20).

## 7-1: بنەما بنەڕەتییەکانی زمانی پەروەردەیی

1- بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە دەوروبەری حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن سپۆلسکیەوە دانراون و ئاماژەیان بە کۆمەڵێک دیسیپلینی پەیوەندیدارکرد. بە پێدانی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پراکتیکەکانی پەروەردەی زمان ، دەتوانرێت بەم شێوەیە دیاریبکرێت:

2- خوێندەواری لە ناوەڕۆکی بناغەی پەروەردەدایە. دەتوانرێت خوێندەواری بەم شێوەیە پێناسە بکرێت کە توانای ناسینەوە، تێگەیشتن، لێکدانەوە، دروستکردن، پەیوەندیکردن، حیسابکردن و بەکارهێنانی مادده چاپکراوەکان و نووسراوەکان کە پەیوەندییان بە کۆنتێکستە جیاوازەکانەوە هەیە.

3- زمانی پەروەردەیی دەبێت بەرپرسیار بێت لە بەدەستهێنانی زمانی یەکەم و زمانی دووەم نەک زمانەوانی کارەکی. وەک بوارێکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە کە بەشە و گۆڤار و کۆنفرانسی تایبەت بە خۆی هەیە، زمانی پەروەردەیی توێژینەوە بە تایبەتی لەسەر فێربوونی زمانی یەکەم و زمانی دووەم ئەنجام بدات، و بەم شێوەیە بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێت بۆ باشترکردنی دەرفەتەکان لە چوارچێوەی فێربوونی زماندا.

4- زیرەکی زارەکی بۆ سەرکەوتنی پەروەردەیی بەکاردێت. بۆیە پێویستە قوتابییان هانبدرێن، کە بڕێکی پێویست لە لێهاتوویی زمانەوانییان هەبێت و دواتر بیکەن بە لێهاتوویی پەیوەندیکردن.

5- پەروەردە پێویستی بە زمانەوانی هەیە، بەو پێیەی پێشکەوتنی تواناکانی زمان لە نووسین و خوێندنەوە و قسەکردن و گوێگرتن، تەنیا لە ڕێگەی زانینی زمانەوە دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت. سپۆلسکی (1978) خۆی دان بەوەدا دەنێت کە زمانەوانی بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی فێربوونی زمان. بەبێ ئەوەی لە خودی زمان بزانین، مەحاڵە بە شێوەیەکی دروست بەکاریبهێنین. خاڵی گرنگ ئەو 'ڕێژەیە' کە دەبێ بۆ زمانەوانی لە فێربوونی زماندا تەرخان بکرێت.

6- پێویستە لە ڕێبازی فێرکردنی زماندا قوتابی سەنتەری بێت، گشتگیر و مرۆڤدۆستانە و کێشەدار بگیرێتەبەر. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانرێت توانای تەواوی قوتابییان بدۆزرێتەوە و دەتوانن ئەرکە پەیوەندیدارەکانی بەکارهێنانی زمان بەدیبهێنن.

7- بەکارهێنانی زمانی ئامانج لە پەیوەندیی ڕاستەقینەدا دەبێت، جێگەی سەرنجی پەروەردەی زمانی بیانی بێت. خوێندن بە زمانی بیانی تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ئامانج لە هەموو قۆناغەکانی فێربووندا دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت، بەم شێوەیەش پێویستە مامۆستایان دەرفەت بۆ قوتابییان دروستبکەن بۆ بەکارهێنانی زمانەکە لە دەرەوەی پۆل. بە تایبەتی لە چوارچێوەی فێربوون و فێرکردنی زمانی بیانیدا، دەتوانرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانەوە بەڕێوەبچێت.

8- پەروەردەی زمان کۆیەکە لەگەڵ تاکەکان، ژینگەی پەروەردەیی، دیزاینی پرۆگرام و سیاسەتی زمانی پەروەردەیی. بۆیە پێویستە پرۆسەی فێربوونی زمان بە گشتی لەگەڵ پێکهاتەکانیدا لەبەرچاوبگیرێت و هەموو پلاندانانێک لەم چوارچێوەیەدا بکرێت.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بنەمایانەدا، زماناسانی پەروەردەیی ئامانجیان ڕێکخستنی چالاکییەکانی پۆلە بە جۆرێک کە ئەرکە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی زمانی بیانی وەک خوێندەواری، لێهاتوویی پەیوەندی، ئەرکەکانی فێربوونی زمان و هەوڵدان بۆ ڕەچاوکردنی بابەتی فێربوونی زمان/فێرکردنی زمان بە شێوەیەکی گشتگیر.

## 8-1: بوارەکانی زمانی پەروەردەیی

بەهۆی سروشتی کێشەئاڕاستەییەکەیەوە، زمانی پەروەردەیی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کۆمەڵێک دیسیپلیندا هەیە کە لەلایەن (Spolsky, 2008) ەوە وەک 'بواری' زمانی پەروەردەیی سەیر دەکرێن.

1- زمانناسیی تیۆری: لقێکی زمانەوانییە کە خەمی پەرەپێدانی مۆدێلی زانستی زمانەوانییە. گەڕان و ڕوونکردنەوەی گشتگیرە زمانەوانییەکان دەگرێتەوە. سینتاکس، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، ماناسازی، ناوەکی زمانەوانی تیۆری.

2- زمانناسیی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی هەر لایەنێک و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە، لەوانەش نۆرمە کلتوورییەکان و کۆنتێکست لەسەر شێوازی بەکارهێنانی زمان. بەشداری سەرەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە ژینگە پەروەردەییەکاندا، جێگەی سەرنج بوو بۆ جیاوازی بەکارهێنانی زمان لە پۆل و ماڵ و کۆمەڵگەدا. لەبەر ئەوە بۆ فێربوون و فێرکردن گرنگە، زمان لە پۆلەکاندا ڕێکدەخرێت. قسەی مامۆستا

ئەو ناوەیە کە دەدرێت بەو تۆمارە تایبەتەی کە مامۆستایان بەکاریدەهێنن. ئامرازێکە بۆ هێنانە ناوەوەی قوتابییان بۆ بابەت و ڕێبازی تایبەت و پێدانی فێرکاری. (Spolsky, 2003).

3- زماناسیی دەروونی: سروشتێکی نێوان زانستە و لە چەندین بواردا وەک دەروونناسی و زانستی مەعریفی و زمانەوانی لەلایەن توێژەرانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. بوارەکانی پەیوەست بە زمانەوانی بریتین: لە فۆنێتیک و فۆنۆلۆژی (چۆنیەتی پرۆسێسکردن و تێگەیشتنی مێشک لەم دەنگانە)، مۆرفۆلۆژی (پەیوەندی نێوان وشەکان و پێکهاتەکانیان)، سینتاکس (چۆن وشەکان پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ پێکهێنانی ڕستە)، واتاناسی و پراگماتیک. (Paul Warren, 2013)

4- زماناسیی ئەنترۆپۆلۆژی: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کلتوور، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان بایۆلۆژیای مرۆڤ و مەعریفە و زمان. لە ڕێگەی ئەو زمانانەی کە بەکاریدەهێنن لە مرۆڤەکان دەکۆڵێتەوە.
(Stanton Wortham, 2008)

5- زماناسیی دەمار: ئەو زانستەیە کە پەیوەندی بە میکانیزمەکانی مێشکی مرۆڤەوە هەیە، بنەمای تێگەیشتن و بەرهەمهێنان و زانینی ئەبستراکتی زمانە، جا قسەکردن یان نووسراو بێت. زمانەوانی دەمار تیشکی خستۆتە سەر ڕۆڵی تایبەتی ئەو بەشەی مێشکی مرۆڤ کە بە ناوچەی برۆکا و فێرنیك ناسراوە، ( John H. Schumann, (Sheila E. Crowell, 2004

6- زماناسیی کلینیکی: دیسیپلینێکی لاوەکی زمانەوانییە و بریتییە لە بەکارهێنانی تیۆری زمانەوانی بۆ بواری بێسەرووبەری قسەکردن-زمان. کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی فۆنێتیک و زمانەوانی کلینیکی ڕێکخراوێکی نافەرمی ئەم بوارەیە و لە ساڵی (1991) دامەزراوە، توێژینەوە ئەنجامدەدەن، بە ئامانجی پێشخستنی تەکنیکەکان، هەڵسەنگاندن و چاککردنەوە لە بێسەرووبەری قسەکردن و زمان و پێشکەشکردنی تێڕوانین بۆ تیۆرییە زمانییە فەرمیەکان. (Martin J. Ball, Michael R. Perkins.ect, 2008)

7- پراگماتیک: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە توانای قسەکەرانی زمانی سروشتی بۆ پەیوەندیکردن زیاتر لەوەی کە بە ڕوونی باسکراوە. توانای تێگەیشتن لە مانای مەبەستی قسەکەرێکی دیکە پێیدەوترێت لێهاتوویی پراگماتیک. ڕوانگەیەکی دیکەی پراگماتیک ئەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێگایانە دەکات کە لە پەیوەندیکردندا دەگەینە ئامانجەکانمان. (Yan Huang, 2017)

8- شیکردنەوەی گوتار: زاراوەیەکی گشتییە بۆ کۆمەڵێک ڕێباز بۆ شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانی نووسراو، قسەکردن، شیکاری گوتار لە چەندین دیسیپلینی جۆراوجۆری زانستی کۆمەلایەتی لەزمانەوانی، کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا وەرگیراوە، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زمانی پەروەردەیی هەیە، بەو مانایەی کە زمان سیستەمێکی گوتارییە بۆیە نابێت لە ئاستی تایبەتمەندییە ڕووکەشییە دابڕاوەکاندا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. (Marianne W Jorgensen, Dr Louise J Phillips, 2002)

9- دەروونناسی پەروەردەیی: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی فێربوونی مرۆڤ لە ژینگە پەروەردەییەکان، ئەو لایەنانەی کاریگەرییان لەسەر پەروەردە هەیە وەك: دەروونناسی وانەوتنەوە، دیزاینی پرۆگرام، تەکنەلۆژیای پەروەردەیی، پەرەپێدانی پرۆگرام، فێربوونی ڕێکخراوەیی، پەروەردەی تایبەت و بەڕێوەبردنی پۆل. لە زانستی مەعریفی سوودیان لێوەردەگیرێت. زمانەوانی و دەروونناسی بەشێکی گرنگن لە زمانی پەروەردەیی. بەڵام لە فێرکردنی زمان نابێت چاو لە دەروونناسی پەروەردەیی یان زمانەوانی بۆ ئاشکراکردن یان دۆزینەوە چۆنیەتی فێرکردنی زمان بکات، بەڵکو دەبێت کەڵک لەم دیسیپلینانە وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەزموونی پراکتیکی فێرکردنی زمان مانادارتر بێت. (Thomas Szulevicz, Lene Tanggaard, 2017).

## 1- 9: ڕەخنەگرتن لە زمانی پەروەردەیی

زمانی پەروەردەیی پرسێکی تاڕادەیەک نوێیە کە سەرنجی زانایان و توێژەران لە کۆمەڵێک دیسیپلینەوە ڕادەکێشێت، بەم شێوەیە ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆر سەبارەت بە لایەنە بەهێزەکان و ناتەواوییەکانی دەگرێتەوە.

### 1-9-1: سوودەکانی زمانی پەروەردەیی

1- زمانی پەروەردەیی بەبیروبۆچوونی توێژەران پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە، سەبارەت بە زمان و تێگەیشتن لە زمان، بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆڵی ناوەندی توێژەران وەک زماناسێکی پەروەردەیی هەبێت.

2- زماناسانی پەروەردەیی هەول بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی بنەڕەتی – بەربەستی زمان لەبەردەم پەروەردەدا دەکات، بۆ نموونەیە منداڵێک زمانێکی خۆماڵی بە شێوەیەکی نافەرمی بەدەستدەهێنێت، و لەلایەن سیستەمی پەروەردەییەوە داوا دەکرێت، زمانێکی جیاواز و ستاندارد بەدەستبهێنێت، کێشەیەک کە بۆ منداڵ ڕۆژانە و هەفتانە و ساڵانە لە سەرانسەری جیهان دووبارە دەبێتەوە.

3- پەروەردە و زمانەوانی بەردەوام پێویستیان بە یەکترە؛ بە تایبەتی فێرکردنی زمانەوانی بۆ پەروەردەکاران گرنگە، بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی کێشەکانی وەک فێرکردنی وشەسازی، خوێندنەوە و نووسین ببنەوە.

4- زماناسانی پەروەردەیی بە شێوەیەکی جۆراوجۆر لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵێک بابەت دەکەن، کە پەیوەندییان بە تاکەکانەوە هەیە، ئەو دامەزراوانەی کە تێیدا نیشتەجێن، و ئەو کۆمەڵگایانەی هەردووکیان تێیدا هەڵکەوتوون، هەموو ئەمانەش پەیوەندییان بە زمان و پەروەردەوە هەیە.

### 2-9-1: زیانەکانی زمانی پەروەردەیی

1-هەرچەندە هەندێك زمانناسی پەروەردەیی وەکو (Hornberger, 2001, 5) (Christie, 1994, 7) بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بوارێکی سەربەخۆیە، بەڵام هەندێک تێڕوانینی دیکەیان هەیە، پێداگری لەسەر ئەوەی دەکەن، کە هێشتا لقێکی لاوەکی زمانەوانی کارەکییە. بۆ نموونە، ڤان لیر (1994) دەڵێت: ئەو توێژەرانەی کە لەسەر فێربوونی زمان کاردەکەن، دەبێ خۆیان بە زمانزانێک بزانن کە زمانەوانی کارەکی و زمانی پەروەردەیی دەکەن.

2- زماناسانی کارەکی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بۆ ئەوەی دیسیپلینێک دیسیپلینێکی سەربەخۆ بێت، دەبێت ڕێباز و تیۆری و میتۆدی تایبەت بە خۆی دروستبکات. بۆیە ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناتوانرێت زمانی پەروەردەیی وەک بوارێکی جیاواز لەم ڕووەوە سەیر بکرێت. بەڵام ئەو دژایەتییەی کە زمانەوانی کارەکی–خۆی وەک بوارێکی سەربەخۆ دەزانێت- هەروەها ڕێباز و تیۆری و میتۆدی تایبەتی خۆی نییە، بۆیە ئەم تێڕوانینە لاواز دەکات.

3-ناتەواوی زمانی پەروەردەیی سەبارەت بەم لایەنانە دەتوانرێت بە باشترین شێوە ڕوونبکرێتەوە، کە بوارێکی وەها تازەیە بۆ دانانی ڕێباز و تیۆری و شێوازەکانی خۆی. بە تێپەڕبوونی کاتدا زمانی پەروەردەیی بریتییە لە هاتنە پێشەوەی ڕێبازی نوێ لە فێربوونی زمانی یەکەم و زمانی دووەم و باشترکردنی پراکتیکەکانی ئێستا بە پراکتیکەکانی کاراتر و داهێنەرتر.

## 10-1: زمانی پەروەردەیی هەژموونی بە جیهانیبوون

ئاشکرایە ئاخاوتن لە سەر بەجیهانیبوون ئاخاوتنە لە سەر کۆڵۆنیالیزمی نوێ، هەروەها لە سەر ئاستی زمان بریتییە لە ستانداردکردنی زمانی ئینگلیزی و هاوکلتوربوون لەگەل کلتووری ئینگلیزیدا مەبەستیش لە ئاوردانەوە لە کلتورە جیاواز و جۆر بە جۆرەکانی لە جیهانبووندا پاراستنی لۆکاڵی بوون نییە هێندەی هەژموون وەرگرتنی زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەدا، چونکە جیهانیبوون تەنها پڕۆسەی ئابووریکردن نییە بەلکو پڕۆسەی دەستگرتن و وەکیەکلێکردنی خەڵکیی و کلتور و سیاسەتیشە، هەربۆیە بە شێوەیەکی گشتی گەشەکردنی بەجیهانیبوونی زمانێک و هەژموون وەرگرتنی گەشەی زمانە لۆکاڵییەکان ئاڵۆز و سست دەکات. بەم پێیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان پەروەدەی زمان و بەجیهانیبووندا دروست دەبێت، کە پێیدەگوترێت پەیوەندی نێوان زمان ویلایەتی- نەتەوەکان، و دەبێتە هۆی دەرخستن یان لاوازبوونی ناسنامەی پەروەردەی زمانی نەتەوەیەکی دیاریکراو لە سنورێکی جوگرافدا. بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕێژەی فێربوون و شێوازەکانی فێربوون بە هۆی بەجیهانیبوونەوە لە پەرەسەندندایە و لە ئێستا بەرزبوونەوەی ڕێژەی پڕۆسەکانی فێربوون ( نووسین و خوێندنەوە) بەرزە و پێیدەگوترێت کەمپینی فێربوونی زۆرینە هەروەها ئەو ستراتیژیەتەی، کە گرتویەتییە بەر پێیدەگوترێت فێربوونی ئەرکی و لەم بوارەشدا هەوڵدەدرێت هەموو لێهاتوویی کەسەکان بەرزبکرێتەوە و بە شێوەیەکی وەکیەکیی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لێهاتوویە تاکگەراییەکان بەردوام جیابوونەوە بە خۆیانەوە دەبینن و دەرکەوتەکانیان لە شێوەی ئامانجە بەدەستهاتووەکانی تاکدایە. کەواتە بەجیهانیبوون هەوڵدەدات سیستەمێکی گشتگیر بهێنێت بۆ فێربوونی هەموو میللەتەکان و ئامڕاز و شێوازەکانیشی دەخاتە بەردەستی هەموو کەسێک، کە بیەوێت فێر ببێت. لە بەرانبەر ئەم کرانەوەیەشدا ئارگومێنتێک دەردەکەوێت، کە ئەویش ئەوەیە چ شتێک لە فێربوونی زماندا بە جیهانی دەکرێت، بە تایبەت لە لایەنە کارەکییەکانی و بە تایبەتیش ئەو لایانانەی پەیوەستن بە کلتورە جیاواز و جۆر بە جۆرەکانەوە؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئارگومێنتێکی لەمشێوەیە، خستنەڕووی کارێکتەری بەجیهانیبوونی پێویستە، کە دەشێت لە چوار کارێکتەردا بخرێتەڕوو ؟:

1- بە جیهانیبوون چالاکییەکی ئابووری گەورەیە.

2- ئەو ڕۆڵە گەورە کراوەی، کە بە پەروەردە و فێربوون دراوە بە تایبەتی زمان بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆڵەکانی بە جیهانیبوون، چونکە ئایدۆلۆژیا و سیاسەت کەمتر بەرجەستە بوو و کۆنکرێتن وەک ئەو کۆنکرێتییەی، کە فێربوون هەیەتی و ئەم بە هۆی ئامێر و پڕۆگرامەکانی ڕاهێنانەوە دەچەسپێنرێن و دەمێننەوە.

3- ئەو گرنگییەین کە بە بەجیهانیبوون دراوە لە سەر بنەمای توانا و لێهاتووی زمانی و پسپۆڕێتییە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە جیهان زیاتر فرە زمان فرە کلتور بێت. ئەمەش لە پێناوی بە دەستهێنانی زیاترین ڕووبەر و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆ کلتورێکی یەک ڕەنگ، چونکە ئەم کلتورە بەجیهانیکراوە تێکەڵ دەبێت لەگەل کلتورەکانی تردا و لە هەر یەکێکیاندا جێگەی خۆی دەکاتەوە.

4- خێرایی گۆڕان و گۆڕینەوەی زانیارییەکان لە ژیانی مرۆڤدا بە هۆی تەکنەلۆژیاوە وایکردووە، کە ژمارەی کۆمەڵگا دیجتاڵییەکان زۆر بن و بوارەکانی فێربوونیش کراوەبن. بەم پێیە بەجیهانیبوون ئامڕاز و شێوازەکانی فێربوون دەخاتە بەردەم فێرخوازان بە هەموو نوێکاری و گەشەکردنەکانییەوە و لە بەرانبەردا دەبێت (ویلایەتی- نەتەوەکان لە ئەنجامی ئەم بەیەکداچوون و دەستپێداگەیشتنە تەکنەلۆژیانە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، چونکە پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان و ئامێرە تەکنۆلۆژیاییەکان دەبنە هۆی هاوردەکردنی پەروەردەی فێربوون خوێندن و نووسینی بێگانە). ئەمانیش لە خۆیاندا دەبنە هۆکار و سەرچاوەی پەروەردەیی، کە ڕەنگە دروست بن یاخود نادروست. (بەکر عومەر هەلی و ئەوانیتر، 2012، 203-206)

بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی و گەشەی زمانەوانی نێودەوڵەتی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە چونکە پەیوەندی جیهانی باشتر دەکات، بەڵام دەبێتە هۆی نووسراوی ئایدۆلۆژیایەکی بازاڕی ڕێکنەخراو، کە کارەسات و نادادپەروەری جیهانی دروستکردووە. بۆردیۆ (1991) بە کارلێکە کۆمەڵایەتییە بارگاوەکانی دەسەڵات سەرمایەی کۆمەڵایەتی ناوبرد؛ بەپێی تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی، دەتوانرێت مومارەسەی دەسەڵات لەڕێگەی زمان و کلتوورەوە بە سەرمایەی زمانی و سەرمایەی کلتووری هەژمار بکرێت، یەکێک لە کاریگەرییەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا، جۆرێک لە جیاکاری زمان بووە، کە پەیوەندی بە پلەبەندیکردنی زمانەکانەوە لە ڕووی گرنگی ئابوورییەوە هەیە. زمانەوانی، زاراوەیەک کە لەلایەن (سکوتناب-کانگاس) (1984) ەوە بۆ دیاریکردنی جۆرێک لە پێشوەخت لە زمانی ئەوانی دیکە لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا داڕێژراوە، پێدەچێت ئێستا لە سەرانسەری دەوڵەتەکاندا بڵاوبێتەوە، بۆ جیاکاریکردنی ئەو زمانانەی کە بەشێک نین لە یاری جیهانی'. زمانەوانی بریتییە: لە هەڵوێستی حوکمدان بەرانبەر بە کەسانێک کە سیفەتە زمانەوانییەکانی پەیوەست بە پێگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زمان پیشانادەن. گەلان وایان لێدەکرێت فۆرمێک لە حکومەتداریی ناوەوەی پەیوەست بە تاوانبارییەوە بخەنە ناوەوە، ئەگەر پەرە بە شارەزایی زمانی ئینگلیزی نەدەن، ئەمەش سیفەتێکی سەرەکی جیهانگیرییە. زۆرجار فشار دەخرێتە سەر بۆ سەپاندنی باڵادەستی جیهانی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا. لە هەندێک حاڵەتدا دایک و باوک منداڵەکانیان بخنە ئەو قوتابخانانەی کە پڕۆگرامەی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە، لەکاتێکدا لە کۆمەڵگەیەکی تاک زماندا دەژین، بۆ ئەوەی چانسی ئابووری باشتر بە منداڵەکانیان بدەن. ئایا ئەو ڕەوتە بەردەوام دەبێت؟ ئەگەر ئابوورییە ئیمپراتۆرییەکان لە دۆخێکی خراپدا بن، بیرۆکەی ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی جیهانی، ئەفسانەیەکی جوانە پارەی بۆ دابین دەکرێت (فیلیپسۆن، 2009). لە ئێستادا (85%) ی ئاخێورانی ئەم هەسارەیە بە ئینگلیزی قسە ناکەن، و هیچ ئاماژەیەک نییە کە ڕێژەکەیان لە ماوەی دەیەی داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو بگۆڕێت، ئەو پرسانەی کە زمانناسیی نێودەوڵەتی و پێگەی زمانی جیاکاری دەوروژێنرێن، ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات کەم ببنەوە، ئەمەش بریتییە: لە پێشکەشکردنی فۆڕمی ژێرتر لە پەروەردە و دوورکەوتنەوە لە پڕۆگرامی خوێادا. پێگەی زمان جۆرێکە لە ئایدۆلۆژیای زمان کە هەندێک نیشانە زمانییە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕەوتە جیهانیانەی کە تایبەتمەندی "مۆدێرن" و "پەروەردەکراوی جیهانین. بە پێچەوانەی کۆسمۆپۆلیتیزم کە ئایدۆلۆژیاکەی مەیلی ڕێزگرتن لە ئەویتری هەیە، تێڕوانین بۆ پێگەی زمان پلەبەندییە و لەسەر ئەو دەسەڵاتە دامەزراوە، کە زمانێکی ئیمتیازدار پێی دەبەخشێت. چۆن قسەکەرانی زمانی دووەم مامەڵە لەگەڵ ئایندەی زمانی ئینگلیزی و پەرەسەندنی ناڕوونییەکانی دۆخی زمانەکەیان دەکەن. (Tochon, 2009, 110)

زمانی کوردی وەکو زمانانی تری جیهان هەژموون و کاریگەریی بە جیهان بوونی بەسەرەوەیە، بە تایبەتی ئەو کرانەوەیەی هەرێمی کوردستان بەرووی جیهاندا، کردنەوەی چەندین قوتابخانە، کە گرنگی بە زمانی ئینگلیزی دەدەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە چ ئەو قوتابخانانە و چ هەندێك لە پسپۆران و شارەزایانی گرنگی بە زمانی ئینگلیزی دەدەن، لە ئێستادا تێروانینێکی هەڵە دەربارەی ئەو زمانە بڵاودەکەنەوە، بە واتایەکیتر زانینی زمانی ئینگلیزی واتا دەستکەوتنی کار، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ

بێ بایەخکردنی زمانی کوردی بگرە دروستکردنی ئەو هەستە لەلایەن تاکی کۆمەڵگەی کوردییەوە کە زمانی کوردی زمانی زانست نییە، دەتوانین بڵێین وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە لە ئاست ئەم پرسە بێدەنگن و پشتگیری ئەم پرۆژەیەش دەکەن، بۆ نموونە هەژمارنەکردنی نمرەی وانەی زمانی کوردی لە تاقیکردنەوەی کۆتای ساڵ بۆ پۆلی (12)، دانانی مەرجی هەبوونی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ پێشکەشکردنی خوێندنی باڵا، لەم ساڵانەی دوایش هەوڵێك هەبوو، بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانی خوێندن، کەواتە جگە لە هەژمورونی بەجیهانبوونی زمانی ئینگلیزی، کە وڵاتان هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو هەژموونە دەدەن کەچی ئێمەی کورد بە پێچەوانەوە هەوڵی زیاتر دەدەین بۆ ئەوەی ئەم هەژموونە زیاتر بەسەر زمانی کوردی بسەپێنین!

## 11-1: زمان لە پرۆسەی پەروەردەدا

گفتوگۆکان دەربارەی پەروەردە بەشێوەیەکی ئاسایی جەخت لەسەر زمان بە مانا فراوانەکەی دەکاتەوە. بەڵام فێربوون و فێرکردن لە پۆلەکان، بە تایبەتی بۆ قسەکەرانی ڕەسەن، لە ڕاستیدا بە دەگمەن دەربارەی زمان بەم مانا فراوانەوە گفتوگۆ دەکرێت، بەڵکو ئەوە زیاتر جێگەی بایەخە و باس دەکرێت"زمانی کۆمەڵایەتی" هەندێك جار پێی دەوترێت "شێوەی زمان"، هەرچەندە ئەمە زاراوەیەکی سنوردارتر و بەرتەسکتری هەیە، لەڕاستیدا زمانە کۆمەڵایەتییەکان وردە وردە گرنگیان زیاتر دەبێت ، کاتێك منداڵ لەڕێگەی قوتابخانەوە بەرەوپێشەوە دەڕوات، هەروەك بەدەستهێنانی زمانە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی زمانی زانست، یەکێکە لەئامانجە هەرە کۆتاییەکانی تەواوی پرۆسەی خوێندن.

زمانی کۆمەڵایەتی لە سەرچاوە فەرهەنگی و ڕێزمانیەکان بەدەستدەهێنرێت، جا چ (لە ئاخاوتن یان نووسین) دا بێت، کە لەلایەن کۆمەڵێکی ناسراوەوە بۆ پراکتیزەکردنی نەریتە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکانی خۆیان بەکاردەهێنرێت.

دەروونناسی ڕووسی ڤیگۆتسکی ، دەڵێت هەرچەندە نووسین لە دەیەی (1930) دا گەشەیکرد ، بەڵام فێربوون لە پۆڵدا پەرەپێدرا، کە لە نزیکەوە پەیوەستە بە و جۆرە گفتوگۆیانەی لە پرۆسەی فێرکردندا لە نێوان مامۆستا و قوتابییەوە دەکرێت، ئەو باسی نقوومبوون لە کرداردا لەگەڵ جۆرێکی دیاریکراو لە ڕێنمایی پلەی هۆشیاری ڕەنگدانەوە و پەرچەکرداری و کۆنترۆڵی ئاگایی بە قوتابییان دەدات، لەسەر پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا، جۆری ئەو ڕێنماییە ڤیگۆتسکی باسی دەکات، ئەو جۆرە بوو کە بە بە ئاگاییەوە سەرنجی قوتابییانی لەسەر پەیوەندییە نێوان چەمکەکان و پەیوەندی زارەکییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان فۆرم و مانا رادەکێشێت، ئەو باسی لەوە کرد کە ئەمە ئامانجی سەرەکی و کاریگەری خوێندنی کاریگەرە ، ڤیگۆتسکی دەڵێت: ئەو زمانە کۆمەڵایەتیانەی بە هۆشیارییەکی بەرچاو و هۆشیاریەکی بەئاگایی بە دەستیدێنین ( بۆ نمونە زمانی زانست ) زمانە کۆمەڵایەتییەکانە کە پێشتر بەدەستمانهێناوە ، زۆرجار بەبێ درکپێکردن بە دەستمانهێناون. ڕەنگە بڵێین کە ئەو جۆرە زمانە کۆمەڵایەتیانەی دواتر دەتوانن وەك " میتازمان " بۆ ئەو زمانە کۆمەڵایەتیانەی پێشتر بەدەستمانهێناوە و بێن وەك چۆن میتازمانێك بۆ زمانی زارەکی سەرەتایی زمانی منداڵ خزمەتدەکات، بۆ نموونە سیستەمی گرافیك لە ڕووی مەعریفیەوە وەك نوێنەرایەتیەکی ئاستی میتازمان خزمەتدەکات، لەو نێوەدا قوتابی دەتوانێت بیر لە سیستەمی دەنگی زمانی زارەکی بکاتەوە. (James Paul Gee, 2003, 645) سیستەمی دەنگی لەپرۆسەی فێربوون فێرکردن زمان گرنگی خۆی هەیە، چ بۆ مامۆستا چ بۆ قوتابییان، چونکە شرۆڤەکردن و شیکردنەوە ی بابەتەکانی خوێندن لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت، بۆیە تێنەگەیشتن لە زمانی ئەو زانستە دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە واتا و مەبەستی بابەتەکە، بۆیە پێویستە قوتابی فێربکرێت لەگەڵ ئەو زمانە زانستەدا چۆن کارلێك دەکات، ئەو زمانە چۆن کاردەکات، پێویستە گرنگی بدرێت بە چۆنیەتی شیکردنەوەی ئەو گۆرانکارییانەی کە لە وشە و زاراوە و لایەنی ڕێزمانی ڕوودەدات، کەواتە تەنها کاری زمان گواستنەوەی داتا و زانیارییەکان نییە، بەڵکو وەك مەبەستێك لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دیاریکراوە ، بەڵگەهێنانەوە بنەمایەکە بۆ ناوەخنی زمان لە پرۆسەی پەروەردە و فێکردندا بە ئەرکی سەرەکی لێکۆڵینەوە دادەنرێت، هەر گفتۆگۆیەکیش دەربارەی پەروەردە بە شێوەیەکی نموونەی دوانەیە لە خودی زمان، بەڵام لە ئاگاییەکی بەرفراواندا. کەواتە فێربوونی زمانە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن. چونکە پشتگوێخستنی زمانی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك دەبینەوە، ئەویش جیاوازی کلتوری لە نێوان ماڵەوە و قوتابخانەدا، لە لایەکیتر جیاوازی قسەکردنی منداڵ لە ماڵەوە و لە قوتابخانەدا، کە زۆرجار ئەمە دەبێتە کێشە بۆ قوتابییان و مامۆستاش کەمتر ڕۆڵی لە بەرەوپێشبردن و فێرکردنی ئەو زمانەدا هەیە، کە لە قوتابخانەدا هەیە، پێویستە دەرفەت بدرێت بە قوتابی بەتایبەتی قوتابی قۆناغی سەرەتایی تاوەکو لەگەڵ ئەو زمانەی کە لە قوتابخانەدا هەیە تێبگات. تیشکخستنە سەر زمانە کۆمەڵایەتییەکان و ژانرەتایبەتەکانی زمانی قسە و نووسراو دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی ئاگایی و میتاهۆشیاری دەربارەی زمان، کە بنەڕەتی تێگەیشتنی ڕاستەقینە بێت، و ئەو شێوە بیرکردنەوە پێشوەختەی قوتابییەکان لە شێوەکانی پێشووی زمان و شێوازەکانی بیرکردنەوە ڕێکبخاتەوە. بێگومان یەکێکە لە ئامانجە هەرە کۆتاییەکانی خوێندنە، وە بەتایبەتی گرنگە بۆ ئەو منداڵانەی لە ماڵەکانەوە دێنە قوتابخانە کە لەگەڵ شێوەی زمانی قوتابخانە کارلێکیان نەکردوون، قوتابخانەکان زۆر جار سەرچاوەکانی زمانی ئەو منداڵانە فەرامۆش دەکەن، کە لە ماڵەوە دێن، کە منداڵ لە شێوەی زمان و کارلێککردندا لەگەڵ شێوەی زمانی قوتابخانەدا تازەن، بەڵام کە لەگەڵ ئەوەشدا، لە نەریتە زمانیی و کولتوورییە ئاڵۆزو کولتوورییە جیاکەرەوەکاندا گەشەیان کردوون. قوتابخانەکان دەتوانن ڕێز لەو زمانە بگرن، کە ئەو منداڵانە لەگەڵ خۆیان بۆ قوتابخانە دەیهێنن، لە ڕاستیدا دەتوانن ڕێگە بدەن بەو جۆرە منداڵانە لە شێوازی زمانی خۆیدا سەرنج بخەنە سەر شێوە و کارکردن بۆ شێوازەکانی تر، بە تایبەتی ئەو زمانەی کە لە قوتابخانە بەکاردەهێنرێت، وەك ڕێگایەك بۆ نرخاندنی جیاوازی لە زماندا، ڕێز لە شێوە جیاکەرەوە کولتوورییەکانی خۆیان لە زمان بگرن، و میتاهۆشیاری لە چۆنیەتی کارکردن لەسەر زمانە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە دا بەدەستبهێنن. دواجار مامۆستاکان وای بۆ دەچن کە منداڵ هەست بە کەموکوری دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە کێشانە لەو کارلێکانەی مامۆستا تێیدا بەشێك دەبێت، و لە نەبوونی زانست لە سەرچاوە جیاکەرەوە کولتوورییەکان کە منداڵانی جیاواز لەگەڵ خۆیان دەیهێننە قوتابخانە و لە گەڵیان دا دەمێننەوە. ئەمە هەم داوای ڕاهێنانی باشتر بۆ مامۆستایان لە ڕووی زمان و زمانەوانییەوە دەکات، مامۆستاکان بۆ ئەوەی توێژینەوە لەسەر قوتابی و پۆلەکانی خۆیان بکەن، وەك ڕێگەیەك بۆ باشتر تێگەیشتن لەو منداڵانەی کە فێریدەکەن.
.(James Paul Gee, 2003, 661.662.663,)

## 12-1: زمانەوانی پەروەردەیی و پەروەردەی مامۆستای زمان

فیلمۆر و سنۆ (2002) دەڵێن: پێویستە هەموو مامۆستایان کەمێک لەبارەی زمانەوە بزانن، ئەمە گفتوگۆ کۆنەکانی سەبارەت بە ڕۆڵی زمانەوانی لە پەروەردەکردنی مامۆستایان زیندوو کردووەتەوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گریمانەکە ئەوە بوو (مامۆستا لەدایک بووە و دروستنەکرا)، بۆیە گرنگییەکی کەم بە بیرۆکەی پەروەردەی مامۆستایانی زمان دەدرا. تا ساڵانی (1920)، بابەتگەلێک دەستیان بە دەرکەوتن کرد، کە

پرۆگرامەکانیان بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی ئامادەیی خستەڕوو. یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی بەرنامەکانی پەروەردەی مامۆستایان بووەوە، نەبوونی توانای قسەکردن بوو، تاقیکردنەوەکانی مامۆستایان بەدرێژایی ساڵ بۆ دڵنیابوون لە ئاستێکی گونجاوی لێهاتوویی پێشنیارکرابوون. داوایان لێکرابوو زانیاری لەسەر شێوازی گشتی و خولی تاقیکردنەوە و هەروەها خولی دەروونناسی فێربوون وەربگرن، لە ئەنجامدا مامۆستایان چیتر بەرهەمهێنەر نەبوون، بەڵکو بەکارهێنەری ئەو زانیاریانە بوون کە پەیوەندییان بە فێربوون و فێرکردنی زمانەوە هەبوو. مامۆستایان داوایان لێدەکرا ئەو خولانە ببین کە تیشک دەخاتە سەر خودی زمانەکە. بۆ نموونە کاتێک کۆرسی زمانەوانی دەخوێندرا، زمانناسان بەگشتی کێشەیان لەسەر پەیوەندی زمانەوانی بە وانەوتنەوە هەبوو. جێگەی سەرنجە ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری زمانی مۆدێرن لە ساڵی (1964) دا دەرکران کە کۆمەڵێک "ڕێنمایی" بۆ ئامادەکردنی مامۆستا بڵاودەکردەوە. سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی بوارەکە، بەلام کەمی توانای زمانی مامۆستایان هەر بەردەوام بوو . ئەمەش بەهۆی ئەوە بوو مامۆستایان زانیارییان لەسەر خودی زمانەکە نەبوو، فێری ئەوە نەکرابوون کە چۆن ئەو زانیارییە بە شێوازی پەیوەندیدار پێشکەش بکەن. لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەروەردەی مامۆستایانی زمان گەشەی سەند و سەرنجی زمانناسانی پەروەردەیی بۆ لای خۆیدا ڕاکێشا و وتیان: مامۆستایانی زمان زمانناس نین —و نابێت- زمانزان بن، پێویستە بەم شێوەیە فێری زمانەوانی بن، وەک ئەوەی پەروەردەی زمان داوای دەکات. جگە لەوەش زمانی پەروەردەیی جەخت لەوە دەکاتەوە، مامۆستا بە شێوەیەکی گشتگیر و مرۆڤدۆستانە پەروەردە بکرێن .(Lantolf, 2000, 462).

چاوەڕوان دەکرێت مامۆستایان بڕێکی زیاتر زانیاری لە بابەتەکانی وەك: (شێوازە جیاوازەکانی فێرکردن، گەشەی جەستەیی و دەروونی منداڵان، کاریگەرییەکانی چینی کۆمەڵایەتی یان گرووپی نەتەوەیی لەسەر ئاستی خوێندن.. هتد بزانن. هەروەها هەموو ئەم زانیاریانە سەبارەت بە پێداگۆژی و دەروونناسی پەروەردەیی و کۆمەڵناسی پەروەردەیی، زمانی پەروەردەییەوە بزانن. هەموو مامۆستایان (نەک تەنها مامۆستایانی زمانی کوردی یان زمانە بیانییەکان) دەبێ بەشێکی زۆر لەبارەی زمانەوە بزانن، بەو پێیەی هەموو مامۆستایان لانیکەم لە هەندێک لەم بوارانەی خوارەوەدا ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە؛ وەك: (فێربوونی زمان، گەشەکردنی زمانی ئەو کەسانەی کە توشی بێسەرووبەری زمان بونەتەوە؛ خوێندەواری، فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین و ڕێنووسی؛ زاراوە ناستانداردەکان لە پۆڵد. زۆرێک لە مامۆستایان گومانیان لە شارەزایی ئەکادیمی بەگشتی و لە زمانەوانی بە تایبەتی هەیە. هۆکار زۆرن بۆ بێمتمانەییە، ئەو بێهیواییەی لە ئەنجامی هەوڵەکانی ڕابردوو سەریهەڵداوە، بە تایبەتی بەکارهێنانی مۆدێلی (زمان)ی نەگونجاو و زۆر تایبەتمەند بۆ مەبەستی پێداگۆژی؛ بێ بایەخکردنی دەرئەنجامی تێگەیشتنە زمانەوانییەکان؛ ئەو هەستەی بەشێکی ڕەوایە، زۆرێک لە تیۆرییەکان تەنها تیۆریزەکردنە بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێکی پراکتیکی هەبێت. بەڵام گرنگە بەهۆی هەڵبژاردنە خراپەکانی پێشوو و بەکارهێنانی نەشیاوی کاری تیۆری بێهیوا نەبین، زۆرێک لە مامۆستایان لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی لە پرسە بنەڕەتییەکانی زمان و پەروەردە بێهیوا دەبن، چونکە لەو کێشە پراکتیکییانە شارەزان کە لە جێبەجێکردنی بیرۆکەی نوێدا هەیە. تا ئەو شوێنەی کە گومان لە تیۆری زمان هەیە، باوەڕێک هەیە، کە زمانەوانی هاوچەرخ بەهۆی ناکۆکی تیۆرییەوە ئەوەندە دابەشبووە، لە هیچ دۆخێکدا بەشداری لە کێشە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە گرنگەکاندا ناکات. ئەم بۆچوونەنانە لە باشترین حاڵەتدا پێشوەختە، لەلایەن هەندێک لە زمانناسانەوە خراوەتەڕوو. سەرەڕای ئەوەش زیادەڕەوی تێدا کراوە. ڕاستە لەناو زمانەوانیدا گفتوگۆ و ناکۆکی زۆر هەیە، بەڵام لە زۆر خاڵدا لەگەڵ یەك یەکهەلوێستن. مامۆستایان لە (کوردستاندا) بڕیاری عەقڵانی سەبارەت بەو کێشە جۆراوجۆرانەی زمان کە لە قوتابخانە و پۆلەکاندا سەرهەڵدەدەن بدەن، بۆ نموونە: شێوەزار و زانینی زاراوە جیاوازەکانی زمانی (کوردی) دەگرێتەوە، بەو پێیەی گۆڕانکارییەکە شێوەزار و زاراوە ناوچەیی و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت. بەڵام لایەنێکی تریش دەگرێتەوە ئەویش گۆرانی شێوازە؛ واتە شێواز یان جۆرە جیاوازەکان کە لەگەڵ مەبەست و بابەت و زەمینەی کۆمەڵایەتی گونجاون. ئەو بوارەی زمان کە لە سەرەوە باسکراون، زانیاری تیۆری و وەسفین لە بارەی ڕەهەندەکانی فرەچەشنی دەگرێتەوە. ئەم زانیارییە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەو بەها و بڕیاریارانەی کە دەبێت بەردەوام لەلایەن مامۆستایانەوە بدرێن. لەوانە پرسیاری وەک: ئایا زاراوە ناستانداردەکانی زمانی (کوردی) یان کەمینە نەتەوەییەکان لە پرۆگرامی قوتابخانەدا هەیە؟ ئایا دانەرانی پرۆگرامی خوێندن سیاسەتی زمانیان لە سەرانسەری پرۆگرامدا یەکخستووە؟ هەر زمانێک لە دەنگ و وشە و ڕستە و دەق لەخۆدەگرێت. هەر لێکۆڵینەوەیەکی جددی لە زمان دەبێ لێکۆڵینەوەیەک لە لایەنی (فۆنۆلۆژی، وشە، ڕستە و دەق لەخۆ بگرێت. هەرچەندە هەموو زمانەکان ئاڵۆزن، بەڵام هەندێکیان لە بنەماکاندا گشتی و سادە (Michael Stubbs, 1986)

## 13-1: فێربوونی زمان و پۆل

لە قوتابخانەدا پۆلی جیاواز هەن، قوتابییان چەند بابەتێك دەخوێن، وەک خوێندنی بابەتی زمان، نیگارکێشان، بیرکاری پەروەردەی ئایینی، سروود و گۆرانی...هتد، چالاکی جۆر بەجۆر ئەنجام دەدەن، لە کاتی وتنەوەی وانەکاندا مامۆستا و قوتابییان قسە دەکەن و دەخوێننەوە و دەنووسن: واتە سەرقاڵی چالاکییە زمانەوانییەکانن. زمان ڕاستییەکی ناوەندییە لە قوتابخانە و پۆلدا. قوتابخانە و پۆلەکان ژینگەیەکی زمانی گشتگیرن، قوتابییان زۆربەی ڕۆژەکە مامەڵە لەگەڵ زمان، زمانی قسەکردنی مامۆستا، قوتابییەکانی دیکە، و زمانی پرۆگرامی خوێندن دەکەن، لە کلتووری ئێمەدا فێرکردن قسەکردنە، مامۆستایان ئارەزوو دەکەن، زۆربەی کاتەکان لە پۆلدان قسە بکەن. ئەگەر قوتابییان لە نێوان تەمەنی (6 بۆ 16) ساڵ لە قوتابخانەدا بن، چەندین کاتژمێر گوێ لە قسەکانی مامۆستایان دەگرن، لە چەندین ولاتدا چەمکی فێربوون و فێرکردن تەواو جیاوازی هەیە، لە ڕێگەی پیشاندانی پراکتیکی، بەشداریکردنی سەرپەرشتیکراو، چاودێریکردن و تاقیکردنەوە و هەڵەکردن. فێرکردن بەبێ زمان نزیکە لە بیرکردنەوە، بۆ ئێمە فێربوون و فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی لە چالاکییە زمانەوانییەکان پێکدێت وەک: وانەوتنەوە، ڕوونکردنەوە، گفتوگۆکردن، گێڕانەوە، پرسیارکردن، وەڵامدانەوە، گوێگرتن، دووبارەکردنەوە پوختەکردن، هەموو مامۆستایەک مامۆستای زمانی کوردییە ' و 'هەموو وانەیەک وانەیەکی زمانی کوردییە'. مەبەست لێی مامۆستا هەر بابەتێک (نەک تەنها مامۆستای زمانی کوردییە، بەڵکو زمانی ئینگلیزی و بیرکاری، جوگرافیا یان کیمیا...هتد) دەبێت بە زمانی دایك بابەتەکە شیبکاتەوە. واتا زمانی دایك وەك سەرچاوەیەك بۆ وتنەوەی بابەتەکە بەکاردەهێنرێت. زمانی تایبەتی بابەتێکی ئەکادیمی ئەرکێکی هزری هەیە. هەمووومان ئاشنای ئەو جۆرە پسپۆڕە ئەکادیمییەین (ڕەنگە مامۆستایەک بێت) کە تەنیا بە بیرکردنەوە لە زاراوەی بابەتی پسپۆڕیەکەی دڵخۆشبێت، لە کاتێکدا ناتوانێت شتەکان بە زمانی ڕۆژانە بۆ کەسانی ناپسپۆڕ ڕوونبکاتەوە، ئاسانترە زاراوەیەکی تەکنیکی بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوەیەکی دیکە بەکاربهێنرێت، نەک بیر لەوە بکرێتەوە کە لە ئەزموونی ڕاستەقینەدا مانایان چییە؟ پەیوەندییان بە چییەوە هەیە؟ بە پێچەوانەوە مامۆستایەکی لەو جۆرە ڕەنگە نەتوانێت بیرۆکەیەکی دروست بە قوتابییەکانی بدات، ئەگەر بەو شێواز و زاراوەیە دەرنەبڕدرێت کە پێی ڕاهاتووە. لەلایەکیترەوە ئەو بابەتە

تەنها بابەتی زاراوەی پسپۆڕی نییە، بەلکو شێوازی زمانەکەشە بۆ گفتوگۆی ئەکادیمی بەکاردەهێنرێت، ڕەنگە مامۆستایەک زیاتر گرنگی بە شێوازی زمانی قوتابییەک بدات، نەک ئەو بیرۆکەیەی کە دەربڕدراوە. (Michael Stubbs, 2012, 16).

زمان پەیوەندی بە بیرکردنەوە و فێربوون و گەشەکردنی مەعریفیەوە هەیە. پەیوەندیی وردی نێوان زمان و بیرکردنەوە ئالۆزە چەندین سەدە گفتوگۆی فەلسەفی لەسەر ئەم بابەت کراوە: ئایا بیرکردنەوە وابەستەی زمانە یان بە پێچەوانەوە؟ ڕەنگە ئەم فۆرمولەکردنەی پرسیارەکە زۆر ناڕوون بێت بۆ ئەوەی وەڵام بدرێتەوە. بەڵام لانیکەم ئاستە باڵاکانی بیرکردنەوەی ئەبستراکت لەلایەن زمانەوە پشتگیری دەکرێن. زەحمەتە بیر لە چەمکە ئەبستراکتەکان بکەینەوە، مەگەر ئێمە ناوی گونجاومان بۆیان هەبێت.'

شکستی پەروەردەیی' شکستی زمانەوانییە '. ئەم وتەیە لە ڕووکەشدا سادەیە بەڵام لە ناواخندا ئالۆزە، ئەگەر قوتابخانەیەک زمانی قوتابییەک بە ناتەواو بزانێت، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە سیستەمی پەروەردەی فەرمیدا شکستدەهێنێت. پرسیارێکی سەرەکی دەوروژێنێت کە قوتابخانەکان چ داواکارییەکی زمانەوانی لەقوتابییان دەکەن؟ 'ناتەواوی زمانەوانی' واتای چییە؟ ئایا بەو مانایە دێت کە زمانی منداڵەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان بیرکردنەوەی منداڵەکە سنووردار دەکات؟ یان دەبێتە هۆی کێشەی پەیوەندیکردن لەگەڵ مامۆستایەک کە ڕەنگە بە شێوەزارێکی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی جیاواز قسە بکات؟ یان منداڵەکە ناتوانێت بخوێنێتەوە یان لە ڕێنووس خراپە؟ یان منداڵ بە شێوەزارێک قسە دەکات، ئاستێکی کۆمەڵایەتی کەمی هەیە، مامۆستاکان کاردانەوەیان بەرامبەری دەبێت لە ڕەتکردنەوەی زمانی منداڵەکەدا، منداڵەکە ڕەت دەکەنەوە؟ ئەمانە هەموویان جۆری زۆر جیاوازی ناتەواوین. پێویستە ئاگاداری پەیوەندییە ئالۆزەکانی نێوان زمان، چینی کۆمەڵایەتی، سەرکەوتنی پەروەردەیی و داخوازییە زمانییەکانی ژیانی ڕۆژانەی پۆل بین. گۆڕانکاری لە شێوەی ئەکادیمیدا بە شێوەیەکی جۆراوجۆر هۆکاری شکستی پەروەردەیی بۆ ئاستی زیرەکی، (لە قۆناغی 1920-1940)، بۆ ژینگەی ماڵەوە (لە ساڵانی 1950 و 1960) و ئێستاش (لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە) بۆ زمان گەڕاندۆتەوە. بەڵام هیچ هۆکارێک ناتوانێت ڕوونیبکاتەوە، بۆچی هەندێک لە قوتابییەکان لەو شوێنانەی کە هەندێکی دیکە سەرکەوتوو دەبن، شکستدەهێنن؟ هەر تیۆرێک بانگەشەی ئەوە بکات زمانی منداڵ ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرکەوتنی پەروەردەییەوە هەیە، ئەوا ئەو تیۆرە بەهەڵەدا چووە.

هیچ زاراوەیەک لە بنەڕەتدا لە هیچ زاراوەیەکی تر باڵاتر و کەمتر نییە. بەڵام ئەوە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە کە ڕەنگە وابیربکرێتەوە هەندێك کەس بەهۆی شێوەزاری ناوچەییەکەیەوە، لە هەندێکیتر زیرەکتر بن (هەروەها لە بابەتی دەروونیدا باس لەوە کراوە (ئەو کەسانەی چاویلکە لە چاو دەکەن بە شێوەیەکی گشتی وا گریمانە دەکرێن کە زیرەکتر بن لەوانەی کە چاویلکە لە چاو ناکەن!) ڕەنگە ئەم جۆرە دیاردە کۆمەڵایەتییە زمانەوانیانە لەو پۆلانەدا کە مامۆستا و قوتابییان بە شێوەزاری جیاواز قسە دەکەن، زۆر گرنگ بن. کەواتە گرنگە پەروەردەکاران بتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان تایبەتمەندییەکانی خودی زمان و هێزی هەڵوێستە چەقبەستووەکانی خەڵک بەرامبەر بە زمان، لەبری ئەوەی باس لە شکستی زمانی قوتابییەک بکەین، دەبێت باس لە هەربەستە کۆمەڵایەتی زمانەوانییەکانی نێوان قوتابییان و سیستەمی پەروەردە بکرێت. لەبەر هۆکاری وەکو: ژینگەی زمانی قوتابخانە؛ سەختی جیاکردنەوەی شێوازە ئاساییەکانی زمان لە ناوەرۆکی بابەتی ئەکادیمی؛ پەیوەندییە ئالۆزەکانی نێوان زمان و بیرکردنەوە و سەرکەوتنی پەروەردەیی؛ و هێزی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر بە زمان – هەموو ئەوانەی کە پەیوەندییان بە قوتابخانە و پۆلەکانەوە هەیە، دەبێت لە ڕوانگەی زمانەوە بە وردی لێیان بکۆڵیرێتەوە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، 18)

## ئەنجام

1- زاراوەی زمانی پەروەردەیی بۆ یەکەمجار لەلایەن سپۆلسکییەوە بەکارهێنراوە.

2- هەندێك لە شارەزایانی ئەم بوارە بە لقێکی سەربەخۆی دادەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە زمانناسان ڕەخنە لەم بوارەدا دەگرن بەوەی ڕێبازێك و تیۆرێکی تایبەت بەخۆی نییە.

3- زمانی پەروەردەیی لە بنچینەدا بە شێکە لە زمانەوانی کارەکی و هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، وەکو: منداڵ چۆن فێر دەبن؟ ئایا کۆمەڵگە چۆن بەشداری ئەو پرۆسەیە دەکەن؟

4- زمانی پەروەردەیی گرنگی بە چەند پرسێك دەدات وەك: (فێربوون، فێرکردن، پێداگۆژی، میتۆدۆلۆژیای فێرکردن.... هتد).

5- پەروەردە و زمانەوانی بەردەوام پێویستیان بە یەکترە؛ بە تایبەتی فێرکردنی زمانەوانی بۆ پەروەردەکاران گرنگە، بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی کێشەکانی وەک فێرکردنی وشەسازی، خوێندنەوە و نووسین ببنەوە.

6- زمانی پەروەردەیی لە کێشەیەکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکات، دواتر سەیری زمانەوانی و دیسیپلینە پەیوەندیدارەکانی دیکە بۆ بەشداریکردنیان لە چارەسەرکردنیدا دەکات.

7- زانستی زمانی پەروەردەیی یارمەتیدەر دەبێت، بۆ تێگەیشتن لە پرسە پراکتیکییەکان و کێشەکانی سیستەمی پەروەردەی فەرمی لە بواری فێرکردنی زمان و پەروەردەی زمان. پێویستی و گرنگیدان بەم بوارەی لێکۆڵینەوە لەوەوە سەرهەڵدەدات، کە ئەنجامی توێژینەوە تیۆرییەکانی دیسیپلینە بنەڕەتییە پەیوەندیدارەکان، واتە زمانەوانی تیۆری و پەروەردە، ناتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمانی لە ژینگە پەروەردەییەکاندا بەکاربهێنرێت. لە ڕاستیدا زمانەوانی پەروەردەیی دۆخێک بۆ دۆزینەوە و ئامادەکردنی زمانەوانی تیۆری بۆ بەکارهێنان لە دیسیپلینە کارەکییەکانی وەک:( فێرکردنی زمان) دابین دەکات.

8- پێویستەمامۆستایان شارەزاییان لە زمانی پەروەردەدا هەبێت، تاوەکو زیاتر لە ژین و ژینگەی قوتابیان و چۆنیەتی کۆتنەوەی بابەتەکاندا زانیارییان هەبێت.

9- زمانناسانی پەروەردەیی هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی بنەڕەتی – هەربەستی زمان لەبەردەم پرۆسەی پەروەردەدا دەکات.

10- بە شێوەیەکی گشتی زمانی پەروەردەیی لە لێکۆڵینەوەکانیدا سوود لە چەند بوارێك وەردەگرێت ئەمانیش (پراگماتیك، زمانناسی نێوری و ئەنترۆپۆلۆژی، زمانناسی دەروونی، زمانناسی کۆمەڵایەتی، زمانناسی دەماری، زمانناسی کلینیکی، شیکردنەوەی گوتار).

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکانی زمانی کوردی

1- سەڵام ناوخۆش (2014) فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

2- بەکر عومەر عەلی، کاروان عومەر، ئاڤێستا کەمال (2012) فێربوون و فێرکردن لە روانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی.

3- یوسف شەریف سەعید (2011) زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**سەرچاوەی زمانی عەرەبی**

4- حلمی خلیل (2003)، دراسات فی اللسانیات التطبیقیة، دارالمعرف للکتب، مصر.

**سەرچاوەکان زمانی ئینگلیزی**

1- Ahmed Mohammed Saleh Alduais (2012), A Monograph On: Educational Linguistics, Its Origin, Definitions and Issues It Accounts for, International Journal of Education, Vol. 4, No. 4, Department of English Language, King Saud University Ksu, Riyadh, Kingdom of Saudi Arabia Ksa.

2- Andriyani, Santi (2016), Applied Linguistics and Educational Linguistics. Jurnal Edulingua | Vol 3. No. 1 Januari-Juni. Islamic University of Nahdlatul Ulama` Jepara.

3- Christie F (1994). 'Developing an Educational Linguistics for English Language Teaching: A Systemic Functional Linguistic Perspective.' Functions of Language 1(1).

4- Crystal, David (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition, Blackwell Publishing,

5- Francis M. Hult (2008) The History and Development of Educational Linguistics, The Handbook of Educational Linguistics, Blackwell Publishing, Oxford.

6- Hornberger, N H and Hult, F M (2009), Educational Linguistics, Jacob L. Mey, Concise Encyclopedia of Pragmatics, Publisher: Elsevier Science Second Edition, Uk.

7- Hornberger, N. H. (2001). Educational Linguistics as A Field; In New Perspectives and Issues in Educational Language Policy, Edited by Robert L. Cooper. Elana Shohamy and Joel Walters Ivan University.

8- James Paul Gee (2003), Educational Linguistics, Mark Aronoff and Janie Rees-Miller, The Handbook of Linguistics Blackwell Publishers, Uk.

9- John H. Schumann, Sheila E. Crowell, Seattle Nancy E. Jones, Namhee Lee, Sara Ann, Lee Alexandra Wood (2004), The Neurobiology of Learning Perspectives from Second Language Acquisition, Lawrence Erlbaum Associates, Publishers Mahwah, New Jersey.

10- Lantolf, J. P. (2000). Introduction to The Special Issue: A Century of Language Teaching and Research: Looking Back and Looking Ahead. The Modern Language Journal, Vol.84, No.4.

11- Marianne W Jorgensen, Dr Louise J Phillips (2002), Discourse Analysis as Theory and Method, Sage Publications Ltd.

12- Martin J. Ball, Michael R. Perkins, Nicole Müller, And Sara Howard (2008), The Handbook of Clinical Linguistics, Blackwell Publishing.

13- Michael Stubbs(1986), Educational Linguistics, Basil Blackwell, Britain

14- Michael Stubbs(2012), Language, Schools and Classrooms, This Edition First Published by Routledge, Usa and Canada.

15- Norbert Schmitt (2010), An Introduction to Applied Linguistics, 2nd, Publisher: Routledge.Uk.

16- Paul Warren (2013), Introducing Psycholinguistics, Cambridge University Press.

17- Phillipson, R. (2009). Linguistic Imperialism continued. New York: Routledge.

18- Richard Hudson (2004). Why Education Needs Linguistics (And vice versa). Journal of Linguistics, / Volume 40 / Issue 01 Doi:10.1017/S0022226703002342.

19- Richards, Jack C. And Richard Schmidt. 2010. Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics. Edition 4 London: Longman.

20- Spolsky Bernard and Francis M. Hult (2008) The Handbook of Educational Linguistics, Blackwell Publishing, Oxford.

21- Spolsky, Bernard (2003), Sociolinguistics, Fourth Publishing, Publisher Oxford University Press.

22- Stanton Wortham (2008), Linguistic Anthropology of Education, Graduate School of Education, University of Pennsylvania, Philadelphia, Pennsylvania

23- Thomas Szulevicz, Lene Tanggaard (2017), Educational Psychology, Springer International Publishing.

24- Tochon, F. V. (2009). The Role of Language in Globalization: Language, Culture, Gender and Institutional Learning. International Journal of Educational Policies, 3(2), 107-124. ISSN: 1307-3842.

25- Van Lier, L. (1994). Educational Linguistics: Field and Project. In J. E. Alatis (Ed.), Georgetown University Round Table on Languages and Linguistics. Washington D.C.: Georgetown University Press.

26- Yan Huang (2017), The Oxford Handbook of Pragmatics, Oxford University Press, Usa.

# Educational linguistics

Assistant Lecturer, Agreen Shawkat Hadi[1] .
Agreen.hadi@epu.edu.iq.
Assistant Professor, D. Azad Ahmad Mahmood[2].
Azad.mahmood@epu.edu.iq
Assistant Professor, D, Nareman Abdullah Kareem[3].
Nareman.kareem@su.edu.krd.
[1+2+3]Kurdish Language, Salahaddin University, College of Basic Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[1]Law Administration Department, Erbil Technical Administrative Institute, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Business Administration Department, Erbil Technical Management Collage, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Vthe last century with the work of linguist Professor Bernard Spolsky, who proposed the title "Educational linguistics " at a conference in 1972. In 1978, he organized a symposium on the subject, and since the middle of the twentieth century, the educational linguistics has been in line with the linguistics of a work that has continued to grow. The educational linguistics is a branch of the working linguistics branch, and Spolsky has set the educational language as a sub-linguistic field, although some linguists consider it an independent linguistic branch.

The educational linguistics evaluates children's ability to communicate, analyzes social goals for communication skills, and includes all activities, which are considered by an educational system.

The educational linguistics has proven that language researchers need such a field to work on issues related to this field.

The widest field of language is the field in which language relates to its external contexts. In this sense, language has an effect on some fields. One of the most important areas is education. It is like a bridge between the world of language and the education system, educational language is trying to organize educational activities according to language. An educational linguistics research focuses on the role of language in learning and teaching. In addition to emphasizing the mixing of linguistics and education, this branch of science benefits from linguistic methods and theories, taking into account the practical problems of the formal education system in the field of language learning and education.

Key words: Language of Education, Language of Education and Globalization, Language of Education and Education, Language of Education and Teachers.

: